# ڕۆڵی فەنتازیا لە پێکهاتە سەرەکیەکانی چیرۆکی نوێی کوردید
# بە نمونە ( سابیر ڕەشید ، شێرزاد حەسەن )


**پ.ی.د. سەلیم ڕەشید سالح                    روناك صلاح علی**


## پێشەکی

فەنتازیا وەك هونەرێکی نویٚ لە دارشتنی کورتە چیرۆکدا ئەمرۆ لە جیهاندا لای زۆربەی نوسەران پەیرەو دەکریٚ ، لە چیرۆکی کوردیشدا چەندین نوسەرمان هەن کە بەم شێوازە دەنوسن ، ئەوەش بە سود وەرگرتن بێت لە کلتورە کۆنەکانی گەلان کە پەیوەستە بە خەیال و ئەفسانەکان و بەستنەوەو تێهەلکێشکردنی لەگەلٚ ڕوداوەکانی سەردەم و ئەمرۆ ، نوسەر لە و ڕێگەیەوە دەتوانیٚ چێژێکی تایبەت بە خوێنەر ببەخشیٚ ئەمە لەلایەك ، لەلایەکیترەوە سودی لیٚ وەردەگریٚ بۆ گەیاندنی ئامانج و هزری نوسەر خۆی بۆ خوێنەر لە ئاراستەکردنی لە بەرگی ئەو هونەرەدا ، بەرگیۆشکردنی دەقی چیرۆك بە شێوازی فەنتازیا دەبێتە شێوازێکی تایبەتی نوسەر بە بەکارهێنانی زمان و خەیال بۆ دیوی دوەمی دەق ، بێگومان ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکە نوسەر روی تێدەکات یاخود وەك شێوازیکی هونەری تایبەت بە نوسەر لە ئەنجامی ئەو واقیعەی ناتوانێت بە راشکاوی دەربیرێت ، بە هۆی فشاری بوارە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی نێو کۆمەل ، هەندیٚ جاریش نوسەر وەك لاساییکردنەوەی ئەفسانەکان بەکاری دێنێت لە وێنە خەیالیەکانیدا ، لە ئەدەبی کوردیدا چەندین نمونەی ئەو نوسەرانەمان هەن وەك شێرزاد حەسەن و سابیر رەشید کە توانیوانە لە بنەماکانی چیرۆك تا رادەیەك ئەو هونەرە پەیرەو بکەن و واقعێك بخەنە روو لە بەرگێکی خەیالی و فەنتازیدا بۆ ئامانجێکی دیاریکراوی نوسەر وەك رەخنەو خستنە روی هەندیٚ دیاردەی ناوازە

## تەوەری یەکەم: توخمەکانی چیرۆکی فەنتازیائامێز

### یەکەم/ کارەکتەری فەنتازی

### أ) کارەکتەری فەنتازی لە ڕووی تیۆرییەوە

فەنتازیا وەك هونەرێك، چیرۆکنوس لە گێرانەوە و خستنەڕووی دیمەن و کێشانی وێنەی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکان و شوێن و کاتی ڕوودانی ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی ناو چیرۆکەکەی پشتی پیٚ دەبەستیٚ ، سوودوەرگرتن لە هونەری فەنتازیا و موتوربەکردنی لە لایەن چیرۆکنووسەوە، دەکرێت بە هۆی چەند هۆکارێکەوە بێت، کە سەرەکیترین و گرنگترینی، دروستکردن و پیشاندانی واقیعێکی دیکەیە، واقیعێك کە دەکریٚ خەونی چیرۆکنووس و لە هەمان کاتدا خەونی خوێنەرەکەی بێت.

لە چیرۆکی فەنتازیاییدا چیرۆکنووس مەبەست و فیکرەی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناخاتەڕوو، بەلکو بە پەنابردنە بەر فەنتازیا کە ((ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ پێکانی ئەو نیازە، کە دەشیٚ لە بارۆدۆخێکی ئاسایی و لە ناو سیمبەندی کۆمەلآیەتیدا، بەو شێوە ڕاستەقینەیە دەرنەبڕدریٚ)) بۆیە لە ڕێگای فەنتازیاوە، واقیعێك دەخولقێنیٚ کە

قەد لە واقیعدا نە هاوشێوەی هەیە و نە بوونی هەیە. هەر بۆ ئەم مەبەستە پێویستە چیرۆکنووس بە شێوازێکی تایبەتی مامەلە لەگەڵ توخمەکانی چیرۆکدا بکات و لە خزمەتی مەبەستەکەی خۆی بەکاریان بهێنێ.

پێکهاتەی سەرەکی هەر چیرۆکێك توخمەکانیەتی، توخمەکانی چیرۆك بریتین لە(کارەکتەر، ڕووداو، کات، شوێن) کە بە بێ ئەم توخمانە چیرۆك بنیات نانرێت، لە هەمان کاتدا هونەری بوونی ئەم توخمانە بەندە بە چونیەتی بەکارهێنانیان لە لای چیرۆکنووسەوە، ئەمە لە حالەتێکدا، کە چۆنیەتی بەکارهێنانی توخمەکانیش لە چیرۆکنووسێکەوە، بۆ چیرۆکنووسێکی دیکە جیاوازە، بەو واتایەی ((هەر نووسەرە جگە لەوەی شێوازێکی تایبەت بە خۆی لە نووسیندا هەیە، دەبێت بە شێوەیەکی زۆر هونەری تەکنیکەکانی گێرانەوە بە کار ببات)) کە ئەمەیش بە دوور نییە لە کاریگەری ئەو سەردەم و بارۆدۆخەی کە چیرۆکنووس تێدا بەسەر دەبات یان باسی لێوە دەکات.

کارەکتەر یان کەسایەتی، ئەو بوونەوەرەیە، کە چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانیدا دەیخولقێنێ و ئەرکی بەرێوەبردنی رەوتی ڕووداوەکانی پێی دەسپێری. وێنەی کارەکتەر لە جیهانی ئەدەب هەر لە سەرەتاوە یەك شێوە نەبووە، بەڵکو کارەکتەر لە بەرهەمە کۆنەکانەوە، وەك ئەفسانە و حیکایەت و چیرۆکە خورافیەکان چەمکێکی جیاوازی بە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی دواتردا هەبووە، ((لە کۆنەوە هەتا ناوەراستی سەدەی هەژدەهەم، کارەکتەر سیفەتێکی ئەفسانەیی و خورافی هەبووە و چارەنووسی بە دەستی خواوەندەکان بووە، لە ڕووی توانا و قەبارە و هێزەوە لە مرۆڤی ئاسایی نەچووە، ململانێی لەگەڵ دێو و کۆمەڵی بوونەوەریخورافیدا کردووە)) ، بەلام لە دوای ئەم قۆناغە و ((لە ناوەراستی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بە هۆی سەرهەڵدانی بارۆدۆخێکی سیاسیوکۆمەلایەتی جیاوازەوە، کە بایەخی بە بەهاکانی مرۆڤ دەدا و لەسەر بنەمای فەلسەفی تاکخوازی دامەزرا بوو، ڕۆلی کارەکتەر گۆرا و بووە نموونەی

مرۆڤی ئاسایی و تەعبیری لە حەز و ئاوات و ئازارەکانی ئەو دەکرد)) ،لە سەدەی بیستەمیشدا، بەتایبەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و سەرهەڵدانی شەپۆلی نوێ لە ڕۆمان و چیرۆکدا، چەمکی کارەکتەریش گۆرانی بەسەرداهات و کارەکتەر چ لە ڕووی جۆرەوە و چ لە ڕوویوەسفەوە و چ لە ڕووی ئەرکەوە گۆرانی بە خۆیەوە بینی(١).بێگومانگۆرین و بەرەوپێشچوونی هونەرەکانی چیرۆك لە لایەك و توخمەکانی چیرۆك و ڕۆمان لە لایەکی دیکەوە، کەم تا زۆر نووسەر و ئەدیب و شاعیر و چیرۆکنووسانی کورد و ئەدەبی نوێی کوردی لێ بێ ئاگا و بێبەش نەبووە، جا چ لە ڕێگای وەرگێران و چ لە ڕێگە ڕاستەوخۆی زمانی ئەم دەقانەوە بێت، کەوا چیرۆکنووسان و ڕەخنەگر و نووسەرانی ئێمەش بەرچاویان کەوتووە و خوێندوویانەتەوە و کاریگەرییان لە نووسینەکانیانەوە ڕەنگیداوەتەوە و بە ئاشکرا دەتوانین هەستی پێبکەین.

**جۆرەکانی کارەکتەری فەنتازی:**

چیرۆکی هونەری کوردی ((هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە سەر بە ڕێبازی ڕیالیستی بووە)) هەر لەبەر ئەمەوە وێنەی کارەکتەرەکانیش وەك ((وێنەی مرۆڤی ئاسایی و سادەی سەر بە ژیانی واقیعی کۆمەڵی کوردن، واتە وێنەی کەسانی ناو چیرۆکەکان ڕەنگدانەوەی خاسیەت و سروشتی ئەو کەسانەن کە لە ژیاندا ڕووبەڕوویان دەبینەوە و هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکەین))[٣] ، بەلام بە نوێبوونەوەی چیرۆکی کوردی بە تایبەتی لە سالانی حەفتاکان بەدواوە کارەکتەر و وێنەکێشانی کارەکتەر گۆرانی بەسەردا هات و هەروەك "سابیر ڕەشید"ئاماژەی پێی دەکات و دەڵێت: ((لە چیرۆکی نوێی ئێستاکە تاکە پالەوانێکی بنیادەمیش ناگرێتە خۆ، بەڵکو جاری وا هەیە شوینێك،

بیروکەیەك، چەند کەسێك، تەیرێ، دارێك، بەردێك، بۆشاییەك، خەیالێك، ونگەیەك، دیمەنێکی سیحر ئامێز، مردووەکانی ناو گۆرستانێك))[١] ئەمانە هەموویان دەشێ لە چیرۆکی نوێدا ڕۆڵی کارەکتەر ببینن.

لە چیرۆکی فەنتازیا ئامێزدا، وەك هونەرێکی چیرۆکی نوێی کوردی، هەروەك "شعیب حلیفی" ئاماژەی پێی کردووە، کارەکتەری فەنتازی بەسەر دوو جۆرەوە دابەش دەکرێت:

(( ١. کارەکتەر لە جۆری مرۆڤ.

٢. کارەکتەر لە جۆری بەدەر لە مرۆڤ.))[٤]

**کارەکتەر لە جۆری مرۆڤ:** مەبەست لەم جۆرە کارەکتەرە، هەروەك لە ناوەکەیشی دیارە، ئەو کارەکتەرەیە،کە لە شەکل و شێوەی مرۆڤێکی ئاسایی دەچێت، بەڵام بەو جیاوازییە کە ئەم مرۆڤە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی و هێزی سەرووی واقیعە وەك ((خۆ بزرکردن و هاتنەوە بۆ ناو فۆرمی بینراو، تێپەرین بە ناو دیوار و ماددە، میتامۆرمۆز بوون واتە لە بەرگێکەوە چوون بۆ بەرگێکی دیکە،{...}بوونی دەسەڵات و هێزێکی ئەفسووناوی کە سنوورەکانی واقیعیەت وخەیاڵ ببڕێ))[٥] ئەمانە و کۆمەڵێك تایبەتمەندی دیکە کە چیرۆکنووس، وەك جیاوازییەك لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکە دەخاتە پاڵ کارەکتەرە فەنتازییایەکانی.

**کارەکتەر لە جۆری بەدەر لە مرۆڤ:** مەبەست لەم جۆرەیش هەموو ئەو کارەکتەرانە بە خۆی دەگرێت، کە مرۆڤ نین، ئەمە بەو واتایەی کە ((مەرج نیە تەنیا مرۆڤ ببێتە کارەکتەر، بەڵکو دەکرێت کارەکتەر ئاژەڵ یان ڕووەك یان تەنانەت رۆحێکی نادیاریش بێت))[٦]. بۆ نموونە لە لای ((عەبدوڵڵا سەراج تابلۆیەك دەبێتە کارەکتەر و لەگەڵ خوێنەر دێتە دوان، یان لە لای (سەڵاح عومەر) و (ئازاد بەرزنجی) تەرمێکە و لە ڕابردووی پێش مردنی خۆی دەدوێ{...} یان لای (عەتا محەمەد) و (نەریمان مۆریاسی) و (ئاکۆ کەریم) شارێکی مێژوویی وێرانکراو بێت و بە دیمەنی ئەفسانەیی و فانتازی زمانەوە مێژووی خۆی دەگێرێتەوە))[٧].

### سەرچاوەی کارەکتەری فەنتازی

هەروەك لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێی کرد یەکێك لەو سەرچاوە گرنگانەی کە چیرۆکنووس بە مەبەستی فەنتازیا ئامێزکردنی چیرۆکەکەی سوودی لێ وەردەگرێت ئەفسانەیە. چیرۆکنووس چ لە کێشانی وێنەی کەسەکان و چ لە موتوربە کردنی ڕووداوەکان و ...هتد. پشت بەم سەرچاوەیە دەبەستێت، بەڵام لە حاڵەتێکی دیکەدا دەکرێت چیرۆکنووس بۆ دروستکردنی ئەو فەزایە سوود لە ئەفسانەکان وەرنەگرێت، بەڵکو سوود لە دونیای نوێ ئێستا وەربگرێت و کارەکتەرەکانی لە دونیای واقیعی ئێستا وەربگرێت و سیفەت و تایبەتمەندی سەرووی واقیعیان پێبەخشێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە هەروەك "محمد محمدی"یش ئاماژەی پێی دەکات کارەکتەری فەنتازی ((سەرچاوەی خۆی لە دوو هێلی دونیای کۆن و دونیای نوێ وەردەگرێت، ئەو کارەکتەرانە کە لە دونیای کۆنەوە وەرگیراون نموونەی ئەوانەن کە لە ئەفسانەکان هەن، بەڵام گروپی دووەم ئەو کارەکتەرە فەنتازیانەن کە خولقێندراوی دونیای نوێن و لە دروستکردنیان هیچ بەربەستێك نییە))[٨]. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەم خاڵەش بکەین، کە چیرۆکنووس ڕاستە، کە لە نووسینی چیرۆکەکەی سوود لە ئەفسانەکان وەردەگرێت، بەڵام لە شێوەیەکی جیاوازتر لە ئەفسانەکان و بە مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆی و گەیاندنی ئەو پەیام و ئایدۆلۆژیانەی، کەوا مەبەستیەتی بەکار دەهێنێت.

**ب) کارەکتەری فەنتازی لە ڕووی پراکتیکەوە:-**

**١. کارەکتەری فەنتازی لە چیرۆکەکانی "سابیر ڕەشید"دا:**

"سابیر ڕەشید"ی چیرۆکنووس بە درێژایی مێژووی چیرۆکنووسینی توانیویەتی چەند چیرۆك و کورتیلەچیرۆکو نوڤلتێکیش بنووسێت و لە ساڵی (٢٠٠٨)لە دوتوێ کتێبێك بە ناوی (پەیژەکانی تاریکی) هەموو کۆ چیرۆکەکانی تێدا بلاّو بکاتەوە.ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بە وردبوونەوە و تێرامان لە چیرۆکەکانی، فەنتازیبوون و تایبەتمەندی و مەبەستی لە بە فەنتازیاکردنی چیرۆکەکانی بخەینەڕوو.

چیرۆکە سەرەتاییەکانی "سابیر ڕەشید" هەر وەك خۆی ئاماژەی پێ دەکات، سەر بە ڕێبازی ((ریالیزمین، بەلاّم ڕیالیزمێکی هێمادار، چونکە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان واقیعی کورد بریتی بوو، لە خەونی نەتەوەیی و کۆچ و تێکشکانی مرۆڤی کورد و ...هتد، هەر بۆیە ئەو کاتە ئەدەبی کوردی زیاتر بەرگی بەرگری و شۆڕشگێری لەبەر خۆی کردبوو))[٩]، کەواتە بە پێی ئەم وتەیەی "سابیر ڕەشید"چیرۆکە سەرەتاییەکانی دوورن لە فەزای فەنتازیائامێز. دەرکەوتنی ئەم هونەرە لە چیرۆکەکانی "سابیر ڕەشید" دەگەڕێتەوە سەر ئەو چیرۆکانەی کە لە دوای نەوەدەکانەوە نووسیویەتی و دەڵێ ((ئەو کاریگەرییە کەوتە نێو چیرۆکەکانم بە تایبەتیش لە چیرۆکەکانی دوای ساڵانی نەوەدەکان و زۆرتریش یەکەم چیرۆکی فەنتازیاییم چیرۆکی (دەق)بوو))[١٠]. ئەم چیرۆکە واتە چیرۆکی دەق لە ساڵی (١٩٩٦) نووسراوە، کەواتە دەتوانین بڵێین لەم ساڵە بە دواوە، چیرۆکنوس هەوڵی داوە ئەم هونەرە لە چیرۆکەکانیدا، بەکاربهێنێت. لێرەدا مەبەستمان لە هێنانی کورتەیەکی مێژوویەی چیرۆکنووسینی "سابیر ڕەشید"بۆ ئەوەیە کە بڵێین: مەرج نییە فەنتازیا لە هەموو چیرۆکەکانی "سابیر ڕەشید"دا هەبێت و ئەگەر ئاماژەمان بە هەموو چیرۆکەکانی نەکرد نیشاندەری بەکارنەهێنانی ئەم هونەرەیە لەو چیرۆکانەدا.

**١. کارەکتەری فەنتازی لە جۆری مرۆڤ:**

"سابیر ڕەشید" لە سەرتاسەری چیرۆکە فەنتازیاییەکانیدا هەر دوو جۆری کارەکتەری فەنتازی واتە هەم مرۆڤ و هەم بەدەر لە مرۆڤی بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی (گیای سەروەری)دا هەر لە سەرەتایدەستپێکردنی چیرۆکەکەوە خوێنەر بەرەو ناو دونیایەکی فەنتازیائامێز ڕادەکێشێت، پاڵەوانی سەرەکی ئەم چیرۆکە سوارچاکێکە، کە چیرۆکنووس ئاماژە بە ناوەکەی نەکردووە. ئەم سوارچاکە بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی باوکی بە شای پەرییان بەرێدەکەوێت و بە درێژای سەفەرەکەی تووشی چەند کێشەیەك دەبێت، یەکێك لەوانە شەڕکردنە لەگەڵ دێوی ڕەش و شکست هێنانی بوو **((پاشان ناوی خوام هێنا و هێز و تینم زیاتر دایە بەرە خۆم و زەفەرم پێ برد و تۆڵەی ئەو زەلاّمە نازدارانەم لێی کردەوە و ئەو کەللەسەرانەی چەند ساڵ بوو بە سەر یەکەوەی نابوو شاردمنەوە و لەو بەلاّیەم ڕزگارکردن))**[١١]لێرەدا ئەم کارەکتەرە، کە تەنیا سوارچاکێکی ئاساییە توانیویەتی بە سەر دێوی ڕەش، کەوەك ڕەمزێك بۆ دوژمن یان هێزێکی خراپە بەکارهاتووە زاڵ بێت، هەروەها لەم دەقەدا دەبینین کارەکتەر خاسیەت و ئەرکی پاڵەوانێکی ئەفسانەیی هەلگرتووە، هەروەك بەکارهێنانی کۆمەلێك دەستەواژەی ئەفسانەیی وەکو(شای پەرییان، شەرکردن لەگەڵ دێو و زاڵبوون بەسەری) کەوا چیرۆکنووس سوودی لە ئەدەبی فۆلکلۆر و ئەفسانەی کۆنی میللەتەکەی وەرگرتووە و موتوربەی ناو چیرۆکەکەیکردووە، لە ڕێگەی ئەم زمانە خەیاڵیەوەیە لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا هونەری فەنتازیای لەناو دەقەکەدا بەرجەستە کردووە.

لە چیرۆکی (دیواری هەشتەم)دیسان کارەکتەر لە جۆری مرۆڤە و لە کەسی ئاسایی دەچێ، بەڵام چیرۆکنووس بە خستنە پاڵی کۆمەڵێك تایبەتمەندی سەرووی واقیع چەمکێکی فەنتازیای پێی دەبەخشێ وەك ((**ڕەشە مارێکی گەورە خۆی خزاندە سەر جەستەی هیلاکی و پێیوەدا و یەك سەدە هەڵنەستایەوە**)) دیارە لە خەو هەڵنەستان بۆ ماوەی یەك سەدە شتێکی سەرووی واقیعە، لە مە سەیرتر ئەوەیە کە دوای مار پێوەدانەکە، دەڵێ ((**کە بە ئاگا هاتم وەك جاران لە جێگەی خۆم مابوومەوە و درندە وگیانەوەرەکان تخوونم نەکەوتبوون**)) [١٢]، بەڵامچیرۆکنووس هەر زوو پاساوێك بۆ ئەم تایبەتمەندییە دەهێنێت و لە لای خوێنەر بە ئاسایی دەیخاتەڕوو، وەك دەڵێ (( **لەوانەیە بە مردوویان لە قەڵەم دابم یانیش دەسکە گیایەکی سەخرەجن کەوتبێتە سەر جەستەم و لەبەرچاوان ون بووبم**))[١٣]

**٢. کارەکتەری فەنتازی لە جۆری بەدەر لە مرۆڤ:**

هەروەك ئاماژەمان پێی کرد، چیرۆکنووس بۆ دروستکردنی کارەکتەری فەنتازی دەتوانێت شتەگەلێك جگە لە مرۆڤبکات بە کارەکتەری فەنتازی و ڕۆڵیان پێ ببەخشێ."سابیر ڕەشید"یش لە چیرۆکە فەنتازیایەکانی سوودی لەم جۆرە وەرگرتووە و شتەگەلێك جگە لە مرۆڤی، وەك کارەکتەر لە چیرۆکەکانی بەکارهێناوە.

بە هۆی ئەوەی کە "سابیر ڕەشید" لە چیرۆکەکانی بە گشتی و لە کێشانی وێنەی کارەکتەرەکانی بە تایبەتی سوودی لە ئەفسانەکان وەرگرتووە، بۆیە بوونەوەر و باڵندە ئەفسانەیەکان وەك (ئەژدیها، پەری، دێوی ڕەش وسپی، شای پەرییان، عەنقا و ...هتد)ی لە چیرۆکەکانی بەکارهێناوە.

یەکێك لەو کارەکتەرە ئەفسانەییانە (ئەژدیها)یە کە لە ئەفسانەی کوردیدا چەندین ئەفسانەی لەسەر هەیە و گوتراوە ئەژدیها ((کە وەك مارێکی گەورە و هەندێجار سێ سەری هەیە و زۆرجاریش{حەوت سەر}ی هەیە))[١٤]. "سابیر ڕەشید"یش سوودی لەم کارەکتەرە ئەفسانەییە وەرگرتووە، لە چیرۆکەکانیدا بەکاری هێناوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی (دیواری هەشتەم) ئەژدیها وەك کارەکتەری لاوەکی، وەك هێزێکی دوژمن کە بە دوای کارەکتەری سەرەکی و چەند کارەکتەرێکی دیکە کەوتووە، ئەوانیش ڕادەکەن ((**ئەژدیهایەکی زۆر گەورەی سێ سەرەی ئاسن و سێ دەستی چەنگاڵ ئامێز و شەش قاچی درێژ بەقەد درێژای ئاسمان، خۆی و بەچکەکانی بەرەو لای ئێمە دەهاتن**))[١٥] کە لێرەدا چیرۆکنووس ئەم کارەکتەرەی، وەك دوژمن و وێرانکەرێك، کە شارەکەیان خاپوور دەکەن خستووەتەڕوو بە تایبەتی کە دەڵێت(سێ سەری ئاسن) کە لەگەڵ ئەو ئەژدیهایە، کە لە ئەفسانەکانبەکارهاتوون و وێنەیان لەبەر چاومانە ناگونجێ، چونکە ناکرێ ئەژدیها لە جنسی ئاسن بێت. دەشێ چیرۆکنووس مەبەستی ئامێرێك لە ئامێرەکانی شەڕ وەك (تەیارە یان تانك یان هەر شتێك کە لە شەڕ بەکاردێت)، بێت کە ئەمەش هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بە فەنتازیا کردنی دەق لە کاتی گێڕانەوەدا، کە ئەویش گیانبەخشینە بە شتی بێ گیان و بە خەیاڵکردنی چیرۆکەکەیە.

(پەری) یەکێکی دیکە لە کارەکتەرە ئەفسانەیەکانە کە "سابیر ڕەشید" لە چیرۆکەکەیدا بە کاریهێناوە.((پەری یان حۆری هێمای جوانی و ناسکی و بێ گوناهییە، لە زۆر دەقی ئەفسانە ڕۆڵ و شێوەی جیاجیا وەردەگرێ و لەگەڵ مرۆڤ تێکەڵییەکی توندی هەیە))[١٦]. "سابیر ڕەشید" لە چیرۆکی (هەنگوینی گەڕانەوە)دا، پەری وەك کارەکتەری لاوەکی بەکارهێناوە و ئەرکی بەرێوەبردن و بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی خستووەتە ئەستۆ ((**ئینجا دووپەری نوورانی کە لە دووڕا باڵەکانیان دەبریسکێتەوە، بە باڵە فڕە دێن {...}ئینجا بە کڕنووشەوە دەست بەسەر سینگ، بۆن و بەرامی خۆیانت بەسەردا دەڕێژن و ماندوویەتیت دەحەسێتەوە و داخوازیت لێ وەردەگرن**))[١٧]. لە لایەکیدیکە کارەکتەرێك بەناوی (شای پەرییان)هەیە، کە ئەم بوونەوەرە، هەروەك لە ناوەکەی دیارە شای هەموو پەرییەکانە و دەسەڵاتی

بەدەستەوەیە و ئەمەیش، هەر وەك "سابیر ڕەشید" لە چیرۆکی (گیای سەروەری) بەکاریهێناوە. ئەو کاتەی کە سوارچاکەکە، دەگاتە کۆشکی شای پەرییان و پەیامەکەی باوکی بە شای پەرییان دەڵێت:**((ئەوجا بردمیانە لای شای پەرییان و پەیامی باوکمی لێ وەرگرتم و جێبەجێی کرد))**[١٨]لە ئەنجامدا بە هۆیسەرکەوتنی سوارچاکەکە، شای پەرییان کە لێرەدا وەك سمبۆلێك بۆ بەرپاکردنی ئاشتی و ئازادی خراوەتەڕوو خەلاتێك بە سوارچاکەکە دەبەخشێت **((ئەوجا شای پەرییان لە خەلاتی ئەمەدا گیای سەروەری پێی بەخشیم ومنیش بە دیاری ئێوەی دادەنیم و خەلاتی ئێوەی دەکەم))**[١٩].

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرە ئەفسانەییەکانی چیرۆکەکانی "سابیر ڕەشید"، باڵندەیەکی ئەفسانەییە، بەناوی (عەنقا). عەنقا لە ئەفسانەی کوردی بەکارهاتووە و ئەفسانەکەی ئەوەیە، کە ئەگەر لەسەر شانی هەرکەسێك دابنیشێ ئەوە ئەو کەسە بەختەوەر دەبێت. لە چیرۆکی (هەنگوینی گەڕانەوە)دا وەك کارەکتەرێکی لاوەکی سوود لەم تەیرە وەرگیراوە و کارەکتەری سەرەکی بە خەیاڵی خۆی سواری پشتی دەبێت و ئەویش بەرەو مەنزڵگەی خۆی کە پشتی قوولەی قافە دەیبات. ئەم تەیرە تەنیا هیوا و ئاواتی کارەکتەری سەرەکییە بۆ دۆزینەوەی کوڕەکەی، چونکە پێی وایە کوڕەکەی لەوێیە وەك دەڵێ **((دەبێ ئەم عەنقایە شوێنەکەی پێ نەزانێت بێ شك دیارە لە مەملەکەتی ئەمانە دەنا بۆچی تا ئێستا چ تەیرێکی لەم شێوەیە ڕووی نەکردووەتە ئێرە))**[٢٠].

شایەنی ئاماژە پێکردنە کە لە هەندێ لە چیرۆکە فەنتازیایەکانی "سابیر ڕەشید" لە ڕێگای دۆنایدۆن کردن، هەروەها قسەکردن و هاوبیری ئاژەڵ لەگەڵ مرۆڤ تێکەلییەك لە هەردوو جۆر کارەکتەری دروستکردووە، بۆ نموونە لە چیرۆکی (گیای سەروەری)، کاتێك سوارچاکەکە لە ڕێگا تووشی نەهامەتی دەبێت و نازانێت ئایا بەردەوام بێت یان نا، ئەسپەکەی بە هاواری دێت و پێی دەڵێ: بەردەوام بە **((ئەگەرچی ڕۆیشتنمان ڕێگەی هات و نەهات بوو وەلێ هیچ چارەمان پێ نەمابوو، باشترێك بوو لەمانەوەمان، ئەمەش بیر و لێکدانەوەی ئەسپەکەم بوو کە وای بە باشتر زانی هەر چۆنێك بێت خۆمان بگەیەنینە ئاوەدانی لەوێندەریش بە هانامانەوە دێن))**[٢١]، واتە لێرەدا ئەسپەکە وەك تاکە هاوڕێ و برادەری سوارچاکەکە دەخرێتەڕوو و لەگەڵ یەکتر قسەدەکەن و وره بەیەکتر دەبەخشن **((ئەوجا خۆم فڕێ داوە سەرپشتی و لە مردن بێدار بوومەوە، لە ڕێگە تێرمان قسە و باس و هەقایەت و سەربردە بۆ یەکدی گێڕایەوە))**[٢٢].

هەر لە چیرۆکی (گیای سەروەری) داوەشان و گۆڕان(مسخ) لە نێوان مرۆڤ و بەدەر لە مرۆڤ کراوە، وەك دوای مردنی سوارچاکەکە و باوکی وکۆیلە و ژێردەستبوونی خەڵکەکە دەڵێت:**((ئێستا نەوەی یەکێکیان ڕوحەکەی دەنێو کودیلەی دێوی ڕەشدایە و ئەوی دیش دەنێو کودیلەی دێوی سپی))**[٢٣] و بەردەوام ئەم دوو نەوەیە پێکەوە شەڕدەکەن.

لە چیرۆکی (پەپوولەی گوناه)ی سابیر ڕەشید، مردوویەك دەبێتە کارەکتەر و بە شێوەیەکی فەنتازیای باسی ژیانی دوای مردنی خۆی دەکات، هەر لەو کاتەوە کە دەینێژن **((وا خەریکن دەمنێژن. ئێستا دەمنێنە ناو گۆڕێکی تەنگ و تار و لەسەر تەنیشت و ڕوو لە قیبلە درێژم دەکەن))**[٢٤] تا ئەو کاتە کە فریشتەکان دێن و تۆماریکردەوەکانی دەخوێنن **((ئینجا فریشتەکان خۆیان و تۆماری کردەوەکان دێن و دەیخوێننەوە))**[٢٥] و لە سەرەتاوە تا کۆتای باسی کەسێکی گوناهبار دەکات، کە چۆن لە دواییدا، لە کردەوەکانی خۆی پەشیمان دەبێت. لە دونیای دوای مردنیش لە لایەن پیاوێکی نوورانی تاقیدەکرێتەوە، بەڵام دیسان سەرناکەوێت. لەو کاتەی کە دەچێتە ناو ئەشکەوتەکە بە مەبەستی پاککردنەوەی خۆی لە گوناهەکانی چەند کەسێکی سەیروسەمەرە دەبینێت، یەکێك لەوانە ئافرەتێکە کە جەستەی لە دووبەشەوە پێکهاتووە، ئەویش بەشێکی جەستەی ئافرەتە و بەشێکی دیکە ماسییە، بەم شێوەیە

**((سەرسامی کردم، تەماشام کرد لای سەرەوەی ئافرەتێك بوو لە تیشك، لای خوارەوەشی ماسییەك بوو لە کریستاڵ، هات و دەستە شووشەییەکانی لە ناو قەدم وەرێنا)).**

لە چیرۆکی (٢٠١٠)، "سابیر رەشید" کارەکتەری فەنتازیای دیکەمان پێشکەش دەکات، کە ئەویش (کومپیوتەر)ە، کە کارەکتەری سەرەکی پرسیارێکی لێ دەکات و پێی دەڵێ کەی و ساڵی چەند دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی **((بەڵام کە ئەو پرسیارەی لە کۆمپیوتەرەکەی کرد ئەو گوتی: برۆ جارێ گۆڕی باپیرەت بدۆزەرەوە، ئینجا وەڵامی هەموو پرسیارەکانت پێ دەدرێتەوە ئەوکاتە منیش دەتوانم وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە))**[٢٦]. لێرەدا گیان دەدرێتە بەر کومپیوتەر و دەکەوێتە دووان و گفتگو لەگەڵ مرۆڤ.

ئەمانە گرنگترین و روونترین جۆری کارەکتەری فەنتازی بوون لە چیرۆکەکانی "سابیر رەشید"دا، کە خرانەڕوو.لە کۆی ئەم کارەکتەرە فەنتازیانە کە باسمان کرد، دەبێت ئاماژە بەم خاڵە بکەین کە بە هۆی ئەوەی"سابیر رەشید"سوودێکی زۆری لە ئەدەبی فولکلۆر وەرگرتووە، بۆوەتە هۆی ئەوەی کە بڵێین سەرچاوەی زۆربەی کارەکتەرە فەنتازییایەکانی لەسەر هێڵی کۆنە، بەڵام سەرەرای ئەمەش چیرۆکەکانی بەدەرنین لە کارەکتەری نوێ.

**ب) کارەکتەری فەنتازی لە چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن"دا:**

"شێرزاد حەسەن"ی چیرۆکنووس و رۆماننووس بە درێژای مێژووی چیرۆکنووسینی، توانیویەتی چوار کۆمەڵە چیرۆك لە ژێر ناوەکانی (تەنیایی، گوڵی رەش، گەرەکی داهۆڵەکان، پیرە پەپوولەکانی ئێواران)بڵاو بکاتەوە. بەشێکی زۆری چیرۆکەکانی تەژین لە فەنتازیا، هەروەك "هەڵمەت بایز"یش ئاماژەی پێ دەکات: ((بەکارهێنانی فانتازیا لە چیرۆکەکانی شێرزاد وەك دیوارێکی شووشەییە))[٢٦]دۆزینەوە و خستنەڕووی لە هەندێلە چیرۆکەکانی کارێکی ئاسان نییە.

بەکارهێنانی ئەم هونەرە لە چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن"دا، هەروەك خۆی دەڵێت: ((لە دوای یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی تەنیایی و لە کۆمەڵە چیرۆکی گوڵی رەش بەدواوە من هێدی هێدی گێرۆدە بووم برۆمە ناو دنیای فەنتازیا))[٢٧]هەروەك "هەڵمەت بایز"یش باسی دەکات و دەڵێت: ((بۆ دیتنی ئەو دیوار بەندەی، کە چیرۆکنووس قسەی لەسەر بکات، کەلە دوای کۆمەڵە چیرۆکی تەنیایی بە کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی رەش، گەرەکی داهۆڵەکان و پیرەپەپوولەکانی ئێوارانە)وە دیارە))[٢٨]، "شێرزاد حەسەن"، وەك کەسایەتێکی ئەدەبی لە بواری چیرۆکدابەتایبەتیچیرۆکی دەروونی، ئەزموونێکی دوور و درێژی هەیە و هەر ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی کە فەنتازیا لە بەشێکی زۆری چیرۆکەکانی ببیندرێت، لەم رێگایەوە باسی ئەو لایان و بابەتانە بکات، کە کەسێك بە هۆی چەند هۆکارێکەوە، نەتوانێت باسی دیوی ناوەوە و پرسیار و نارەزایەتی و حەز و خۆشییەکانی خۆی بکات، بەڵام بە یارمەتی فەنتازیا ئەو واقیعە و ژیانە لە لای هەر تاکێکی(کارەکتەرێکی)چیرۆکەکانی دەخولقێنێ و سووچە تاریکەکانی رۆحیان دەپشکێ و هەر ئەمەیش وای لێ دەکات، کە لەبارەی فەنتازیاوە بڵێت: ((فەنتازیا دووباڵە کە دەتفرێنێ بەرەو هەرێمەکانی دیکەی واقیع کە تەنیا بە زمانێکی رووتی واقیعی نایگەینێ، بۆیە ناچاری پەنا بەریتە بەر فەنتازیا)) .

"شێرزاد حەسەن" بۆ دروستکردن و پیشاندانی ئەم دونیا فەنتازیاییە گرنگیەکی زۆری بە کێشانی وێنەی کارەکتەرە فەنتازیایەکانی داوە و ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لێیان بکۆلینەوە.

**١. کارەکتەری فەنتازی لە جۆری مرۆڤ:**

کارەکتەری فەنتازیای لە چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن"، بە تایبەتی ئەوانەی لە شێوەی مرۆڤن کۆمەڵێك تایبەتمەندی و خاسیەتیان هەیە، کە لە کارەکتەری فەنتازیای نزیکتریان دەکاتەوە، بۆ نموونە لە چیرۆکی (میم) کە(ئەمین)کارەکتەری سەرەکییە، بە هۆی نەخۆشییەوە بە تەواوەتی پەکی کەوتووە و لە ناوك بەرەو خوارەوە ئیفلیج بووە،(ئەمین) کەسایەتییەکی ئەدەبی و چیرۆکنووسێکی بەناوبانگی شارەکەیەتی. ئەم نەخۆشییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گوڵنازی ژنی تەلاق بدات و ماڵ بە جێبهێڵێ و لە لای براکەی بژێت. بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە کەسێکی تەنیا لە ژوورێکی پر لە کتێب. فەنتازی بوونی ئەم کارەکتەرە، لە چەند ڕوویەکەوە دەردەکەوێت. ئەمین بە هۆی تەنیایەوە پەنا دەباتە بەر چیرۆك و ڕۆمان، هەر وەك دەڵێ ((**لە ناو تەنیایی خۆم قسەم لەگەڵ نووسەرەکان دەکرد... ئەوانەی سەدەها ساڵە مردوون... دەیەها ساڵ... خۆم دەدواند... دۆستۆیڤسکی–م زۆر دەدواند... کەس وەك ئەو چیرۆکی داڕووخان و نەهامەتی مرۆڤ ناگێڕێتەوە،{...}هەفتەی وا هەبوو دەجار لەگەڵ ڕاسکۆلینکۆف و برایانی کارامازوف بەشەڕ دەهاتم... بەشەڕ دەهاتین و ئاشت دەبووینەوە**))[٢٩]. لێرەدا یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کارەکتەرە ئەوەیە، کە لەگەڵ نووسەرەکانێك دەکەوێتە گفتوگۆ، کە چەندین ساڵە مردوونو سەیرتر لەوەش ئەوەیە، کە ئەوان وەڵامی دەدەنەوە وەك لەم دایەلۆگە دەردەکەوێت:

**((ڕۆژێکیان پێیان وتم:**

**ئەمین... تۆ کە کەوتووی بۆ ڕۆمانێك لەسەر خۆت نانووسیت... لەو باوەڕەداین شاکارێکی جوانی لێدەردەچێ... وتم: بە گوێتان دەکەم))**[٣٠].لێرەدا ئەم نووسەرانە دەبنە تەنیا کەس و کار و خزمی، تەنیا لەگەڵ ئەوان گفتوگو دەکات و رازی دڵی خۆی لە لای ئەوان باس دەکات، لە کۆتای چیرۆکەکەیش و مردنی ئەمین هەر ئەو نووسەرانەن، کە دێنە سەر گۆرەکەی و بۆی دەگرین ((**سەیرە... چاوم هەڵێنا... هەموویان زەق زەق سەیریان دەکردم... چاوانی پڕ لە میهر و سۆز و زیرەکی... بەدەم زەردەوە بە چواردەوری گۆڕەکەمدا هەڵقەیان بەست... ساتێ بێدەنگ بوون، دوایی دایانە پرمەی گریان{...} هەر هەموویان هاتبوون: تۆلستۆی، دۆستۆیڤسکی، بەلزاك، کامۆ ...**))[٣١].هەروەها ئەمین لەوپەڕی تەنیایی و بێکەسیدا بیری دایکی دەکات، وەك تەنیا ئافرەتێك کە ئەمینی خۆش ویستووە، بۆیە لە ڕێگای خەون وفەنتازیاوە، لەگەڵ دایکی کە کۆچی کردووە دەدوێ و دایکی پێ دەڵێت:((**ئەمینۆکە... وەرە کن دایە... دونیا هیلاکی کردی... وەرە**))[٣٢].ئەگەر سەیری ئەم چەند دەقانەیسەرەوە، کە وەکو نموونەی فەنتازیی هەڵمانبژاردوون بکەین، بە ڕوونی هەست بە کاریگەری ئەدەبی ئەورووپی و تەوژمە نوێیەکانی ئەدەبی نوێی جیهانی لە چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن"دا دەکەین، بە تایبەتی پراکتیزەکردنی شەپۆلی هۆش، کەوا پانتایەکی تەواوی، تەنانەت دەتوانین بڵێین یەکێکە لە ڕابەرانی بەکارهێنانی ئەم تیۆر و تەوژمە کە کار لە ناو ناخی کارەکتەر دەکات و شۆردەبێتەوە بۆ ناوەوەی مرۆڤ و حەز و ئارەزوو و هیوا کپکراوەکانی نیشاندەدات.ئەمە بێجگە لەوەی کاریگەری تەواوی ئەدەبی نامەقووڵ و ئەندێشە و خەیاڵبازی لەم دەقانەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە بەشێکی هەرە زۆری هونەری گێرانەوەی لە ڕێگەی زمانی فەنتازیاوە گێراوەتەوە و بەمەش هێندەی دیکە توانا و بەهرەی چیرۆکنووس و چیرۆکەکانی دەوڵەمەند و نەمرکردووە و توانیویەتی داهێنان لە ناو چیرۆکەکانیدا ئەنجامبدات.

(کاوە) کارەکتەری چیرۆکی (لۆزان)، کە گەنجێکی کوردە و لە فەڕەنسا و لە زانکۆی سۆربۆن قوتابییە و لە بەرامبەریدا (لۆزان) کە کچێکی سویسرییە و ئەویش لە هەمان زانکۆ قوتابییە و خۆشەویستی کاوەیە.(لۆزان) هەم ناوی کچەکە و هەم ناونیشانی چیرۆکەکەیە، لە ڕاستیدا چیرۆکنووس بە بەکارهێنانی ئەم ناونیشانە مەبەستیوەبیر

هێنانەوەی پەیماننامەی لۆزانە، کە لە چیرۆکەکەیش و لە زاری خودی لۆزانی کارەکتەر مێژوو و ناوەڕۆکیپەیماننامە دەخاتەڕوو **((ئا حاڵی بووم... مەبەستت پەیمانی (سیڤەر)ی ساڵی نۆسەد و بیست بەڵێنی دامەزرانیدەوڵەتیان دا بە کوردان و کەچی لە نۆسەد و بیست و سێ و لە پەیمانی (لۆزان)دا لەو بەڵێنە پەشیمانبوونەوە))**[٣٣] هەر ئەمەیش، دەبێتە هۆیئەوەی بە گوتنی ناوی (لۆزان) ئەو پەیماننامەیە و پارچە پارچە بوونی کوردستانی بە بیری کاوە بهێنێت. فەنتازیابوونی ئەم کارەکتەرە، لێرەوە دەست پێدەکات **((سەیرێکی خۆی کرد عاجباتی لێ هات... هەردوو دەست و هەردوو قاچی هەڵوەرین و کەوتنە ژێر مێزەکە و بڕبڕەی پشتی ئارەقەی دەردا{...}بە حەژمەتەوە لە جووتە تێك ئاڵاوەکان ڕاما لە ژێر ڕووناهی کزی ئەو بارەدا لێی بزر بوو{...} ئاخر قەت نەبووە لە بارێکدا پیاوێکی لەت و پەت لەسەر مێزێك دابنیشێ و بخواتەوە و بگری... چوار دەستە کۆتەرەی لەشت بە کورسییەکەوە هەڵبگرن هەردوو دەست و هەردوو قاچیشت بە جیا... تکایە هیچتان بیر نەچێ))**[٣٤].

دونیای فەنتازی چیرۆکی (کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان) لەو شوێنەوە دەستپێدەکات، کە مامۆستاکە خەوی لێدەکەوێت، لەو خەونەدا کچان و کوڕان،ئاسکان و کەڵە کێویەکان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەبن و هیچ شەرمێکلەنێوانیاندا نامێنێت و چیرۆکنووس لە ڕێگای (مەسخ)بوونەوە، کارەکتەری فەنتازی دروستدەکات **((مەخلوقاتی سەیرم بینی، نیوە ئاسك و نیوە کچ، نیوە کەڵ و نیوە کوڕ، لە ناوك بە ژێرەوە: چوارپەلی هی ئاسك و سەر و سیماش هی کچ، بە سەر و سمێڵ کوڕە و بە شاخیش کەڵەکێوی))**[٣٥].

**٢. کارەکتەری فەنتازی لە جۆری بەدەر لە مرۆڤ:**

"شێرزاد حەسەن" بە مەبەستی بە فەنتازی کردنی چیرۆکەکەی و دوور کردنەوەی لە واقیع کۆمەڵێك کارەکتەری بەدەر لە مرۆڤی بەکارهێناوە، کە لە خوارەوە نموونەی هەندێکیان دەخەینەڕوو .

کارەکتەری فەنتازی و سەرووی مرۆڤی چیرۆکی (گەڕەکی داهۆڵەکان) ئەو دە منداڵە **((چڵمن و پلکن و لیکن و چاوزەرد بە دەردی بەد خۆراکی... مل باریك و لاق باریك))**[٣٦] انەن، کە لە گۆڕانکارییەك و مەسخ بوونێك دەبنە داهۆڵ و سەری حەمە و چەلەبی لەم ڕووداوە سوور دەمێنێت **((وەی لە عاجباتی... لە جیاتی دە مێرد منداڵ دە داهۆڵی بێ گیانیان بینی{...}، چەلەبی هێدی هێدی لە یەکە یەکەی داهۆڵەکان نزیك بۆوە، بە ترسەوە دەستی بەسەر و ملی، لاق و لەتەری منداڵە داهۆڵەکاندا هێنا... کێ بڕوای دەکرد؟ لەبری قژ: گوشوگەلاش، لەبری ئێسقانی شان و شەپیلك: تەختە و دار، لەباتی دوو لاق دوو پیشەقان، لە جێی دوو چاوی پڕ خەم و شەرم و ترس:دوو کەلا شووشەی زەردباو دەبریسکانەوە))**[٣٧].

لە چیرۆکی (عزرائیل)، گەلای داری هەنجیر لە حەژمەتی ترسەوە، ترسی لەناوچوون و بڕینی دەبێتە، کارەکتەر و دەکەوێتەقسەکردن **((دار هەنجیرەکەش بەمەی زانی... لە حەژمەتانا دە–دوانزە گەلای لێ هەڵوەری، هەر گەلایەك و لەسەرسەری یەکێك لە منداڵەکان نیشتەوە، گەلاکان بەچرپەوە پێیان وتن: (بە باوکتان بلێین با دایکمان نەکوژێ.))**(٣٨) لێرەدا چیرۆکنووس بۆ پیشاندانی ئەو پەری بێ ڕەحمی باوکەکە، لەبەرامبەر دارە هەنجیرەکە، دارەکە دەخاتە قسەکردن تا خۆی بە زمانی خۆی بپارێتەوە و داوا بکات نەیبڕن و لەناوی نەبەن، لە چیرۆکی (مارلین)ی شێرزاد حەسەندا مردوویەك، دەبێتە کارەکتەری سەرەکی و لە قەبرستان ژنە مردووەکانی دیکە دەبنە کارەکتەری لاوەکی و دەکەونە قسەکردن لەگەڵ یەکتر و باسی بەسەرهاتی خۆیان بۆیەکتر دەکەن. چیرۆکنووس بە شێوازێکی فەنتازیای، فەزا و کەش و هەوایەکی فەنتازیای پێشکەشی خوێنەر دەکات، (مارلین) کە ژنێکی مەسیحییە

وەسیەت دەکات، دوای مردنی لە گۆرستانی موسلمانەکان بنێژرێت. فەنتازی بوونی ئەم کارەکتەرە، لەو کاتەوە دەست پێدەکات، کە دوای ناشتنی هەڵدەستێت و لەگەڵ ژنانی ناو گۆرستانەکە دەکەوێتە قسەکردن **((کە تاریك داهات ژنانی گۆڕستان بەپەلە و بە هەڵەداوان، یەکە یەکە، هاتنە کن (مارلین)ی تازە میوان و بە خێرهاتنیان کرد، ئەویش چ بە زەحمەتەوە خۆی کێل کردەوە و تکای لێکردن کە هەرچی زووە هەموو گرێیەندەکانی کفنەکەی بۆ بکەنەوە دەنا دەخنکێ...))**[٣٩] و لەم ڕێگایەوە و بەدرێژای چیرۆکەکە باسی ئەو شەرم و ترس و کێشانە دەکرێت کە ئافرەتی کورد بە گشتی و ئەنفال بە تایبەتی تووشی بووە، بەڵام (مارلین)ی مەسیحی لە هەموو ئەو شتانە دوورە، بۆیە ئەو دڵنەواییان دەدات و هەوڵ دەدات گۆی لە کێشە و بەسەرهاتی یەکە بە یەکیان بگرێت ،"شێرزاد حەسەن" لە کێشانی وێنەی کارەکتەرە فەنتازیایەکانی کەمتر پەنای بردووەتە بەر ئەفسانە و حیکایەتە کۆنەکان بۆیە نموونەی کارەکتەری کە لەسەر هێلی کۆن بێت، کەمە، بەڵام بە زۆری هەوڵی داوە، وێنەی نوێی کارەکتەری فەنتازیای بخاتەڕوو و بە ئازادانە بە ناوەوەی کارەکتەرەکان ڕوو بچێت و باسی بارودۆخی سایکۆلۆژییەکانی تاکی کۆمەڵ بکات.هەروەها هەروەك ئاماژەمان پێیدا بە هۆی کاریگەری شەپۆلی هۆش لەسەر چیرۆکنووسەوە، زیاتر بەرجەستەکردنی ئەم ترس و شەرم و عەیبەیە، کە نەك هەر لای ئافرەتانی کورد، بەڵکو پیاوانیش پێیەوە دەناڵێنن و لە ناخەوە خۆیان دەخۆنەوە و ناتوانن دەری ببڕن و بە ئاشکرا مومارەسەی ئەم حەز و ئارەزووانەی جیهانی ناوەوەی خۆیان بکەن، بە تایبەتی کێتی سێکسی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بە گشتی و کۆمەڵگای کوردی بە تایبەتی.

## دووەم/ شوێنی فەنتازی

### أ) شوێنی فەنتازی لە رووی تیۆرییەوە:

شوێن وەك توخمێکی دیکەی چیرۆك، گرنگی و بایەخی لە توخمەکانی دیکە کەمتر نییە. لە سادەترین پێناسەی دەتوانین بڵێین: شوێن ڕوودان و جوولەی ڕووداوەکان بە خۆی دەگرێت، هەروەك دکتۆر "ئیبراهیم قادر"یش ئاماژەی پێی دەکات: (( شوێن شانۆی ڕووداوە))[٤٠]، واتە ڕووداو نەبێ شوێنیش نییە، هەروەك کارەکتەریش بە بێ شوێن بوونی نییە.

شوێنیش وەك توخمەکانی دیکە بەهاتنەکایەی تێور و پەرەسەندنی لایەنی هونەری چیرۆك گۆرانی بەسەرهاتووە، ئەگەر لە پێش سەدەی نۆزدەهەم بە زۆری گرنگی بە وەسف کردنی شوێن دەدرا، کە ئەم وەسفەیش بۆ چەند ئەرکێك وەك ((ڕاڤە کردن و جوانکاری و زانیاری بەخشین بوو، بۆ ئەوەی قەناعەت لە لای خوێنەر دروست بکات، کە ئەم شوێنە واقیعییە))[٤١]، ئەوە لە پاش سەدەی نۆزدەهەم ((بە هۆی دەرکەوتنی قۆتابخانەی دەروونی، و پشتگۆی خستنی جیهانی دەرەوە و گواستنەوەی ئاراستەی ڕۆمان بۆ ناوەوەی مرۆڤ))[٤٢]، دەروون و ناوەوەی مرۆڤ بوو بە شانۆیی ڕووداوەکان. دوا بە دوای ئەم قۆناغە و سەرهەڵدانی ڕۆمان و چیرۆکی نوێ، شوێن گرنگیەکی زۆرتری پێی درا تا رادەیەك کە ((وەکو کارەکتەر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت،ئیدی شوێن چەمکێکی دیکە وەردەگرێت کە چەمکی زیندوویی یە))[٤٣].کەواتە چیتر شوێن بریتی نییە لەو چوارچێوەیەی کە وا تەنیا ئەرکی لە خۆگرتنی کارەکتەرەکان و ڕووداوەکان بێت.

سەبارەت بە چیرۆکی هونەری کوردیش هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە، لە سەدەی بیستەمدا، ((مۆرکی ریالیزمی بە ئاشکرا پێوە دیارە))[٤٤]لە ناو ریالیزمیش زیاتر ریالیزمی رەخنەگرانە بوون، چونکە هەوڵیاندەدا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی کارەکتەر و شوێنی واقیعی ناو کۆمەڵگای کوردەواری باس لە کێشە و گرفتەکانی ئەوسەردەمی،کە

زیاتر بریتی بوون لە (دزی، بێکاری، نەخوێندەواری، ژن بە ژنی، گەورە بە گچکە، شیر باوی،چیرۆکی کرێکاران ...هتد) بکەن هەر وەکو چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل سائیب یاخۆد چیرۆکەکانی مەسەلەی ویژدان، زۆراب، بوك و خەسو و...هتد نموونەی ئەو چیرۆکانەن کە دەچنە خانەی چیرۆکی ریالیزمی ڕەخنەگرانەی کوردی و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە چیرۆکنووسان بە زۆری گرنگی بە بەرجەستەکردنی شوێنی واقیعی کۆمەڵگای کوردی بدەن، شوێنەکانێك وەك کوردستان و شارەکانی و گوندەکانی و...هتد و بیکەنە هەوێنی شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکانیان تا لەم ڕێگایەوە باس لە واقیعی کورد بکەن، بەڵام شوێن لە چیرۆکی نوێ کوردیدا هەر وەك "سابیر ڕەشید" ئاماژەی پێی دەکات (( وەك هی جاران نییە بە ئاسانی هەستیپێبکرێ، چونکە تەکنیکی نوێ جیایە و شێوازی نووسینەکەی پشت بە شوێنی وەهمی و شاراوە و بەدەر لە کات دەبەستێ لە دەقەکەدا))[٤٥] یان چاکترە،بڵێین فەلسەفەی شوێن و بەکارهێنانی لە چیرۆکی نوێدا (( لە بە ئەفسانەکردنیدا دەبێت و ئەم شوێنە لە خەیاڵدا وێنەی دەکێشرێت و لە پەنای زمانێکی شیعری ئەو شوێنانە گۆرانی سیحرئامێزیان بە سەردادێت. دەبن بە یۆتۆپیایەکی ناو زمانی دەقەکە و لەمەشدا فەلسەفە و جیهانبینی و بەهای ئیستاتیکای دەقەکە دەستەبەر دەکەن))[٤٦] لەم بەینەدا ئەو چیرۆکنووسانەی کە سوود لە فەنتازیا، وەك هونەرێکی گێرانەوە وەردەگرن، دەبێت شوێنێك بەکار بهێنن کە لەگەڵ مەبەست و ئامانج و بە فەنتازیاکردنی دەقەکەیان بگونجێت کە ئەویش شوێنی فەنتازییە، بەڵام ئاخۆ شوێنی فەنتازی چ جۆرە شوێنێکە و چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟

"تانیا ئەسعەد" لە نامەکەی خوێدا لە ژێر ناونیشانی (بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا )شوێنی خەیاڵی دابەشی دوو جۆر کردووە کە ئەوانیش:

((١. شوێنی خەیاڵی ئاسایی: واتە ئەو شوێنانە کە لەسەر بناغەی واقیع بنیات نراون، بۆیە جیهانی دەرەوەی دەق دەنوێنن.

٢. شوێنی خەیاڵی نائاسایی یان فەنتازی: واتە ئەو شوێنانە کە لەسەر بناغەی خەون و خەیاڵی دوور لە واقیع بنیات نراون، بۆیە ئەفسانە و خورافیات دەنوێنن))[٤٧].

بە پێی ئەم دابەش کردنە، شوێنی فەنتازی جۆرێکە لە شوێنی خەیاڵی، لە هەمان کاتدا شوێنی خەیاڵی ئاسایی، لەگەڵ شوێنی فەنتازی یان نائاسایی جیاوازی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ((شوێنی خەیاڵی ئاسایی سوود لە سەرچاوەی واقیعی وەردەگرێت بۆ وێنە کێشانی جیهانە خەیالییەکە، بۆیە ئەم جۆرە شوێنە خەیاڵییانە لە واقیعەوە نزیکن، لەگەڵ ئەوەشدا بوونیان لە واقیعدا نییە، بەڵام هاوشێوەیان لە واقیعدا هەیە، بە پێچەوانەی شوێنی فەنتازییەوە، ئەگەرچی شوێنی فەنتازیش شوێنی خەیاڵییە، بەڵام لە وێنە کێشانیدا سوود لە سەرچاوەی واقیعی وەرناگرێت، بەڵکو زۆر دوورە لە واقیع و تارادەیەك بەرگی ئەفسانەیی دەپۆشێت بە مانایەکی دیکە شوێنی فەنتازی زادەی خەون و خەیاڵی نووسەرە))[٤٨] ، لەم ڕێگایەوە چیرۆکنووس ئەو حەز و ئارەزوو و ئاوات و ڕووداوانەی کە ناتوانێت لە شوێنێکی واقیعی یان خەیاڵی ئاسایی بەدییان بهێنێت، ئاواتی بەدیهێنانیان لە شوێنە فەنتازییایەکان دەخوازێت. نموونەی ئەم جۆرە شوێنانە لە لایەن چیرۆکنووسەکانمان بە تایبەتی لە چیرۆکە فەنتازییەکانیاندا زۆرە، وەك چیرۆکی (لە ناو دەمی نەهەنگێکدا)ی عەبدوڵڵا سەراج، کە باس لە ڕووداوەکان دەکات، کە لە ناو گەدەی نەهەنگێك ڕوودەدات یان لە چیرۆکی (کلۆری دارێك)ی

دڵشاد مەریوانی، جێگایەکی سەرسورهێنەری وەك کلۆری دارێکی گەورە، کە نیمچە کراوەیە و لەسەریان دادەخرێت دەبێتە شوێنێکی فەنتازی و ...هتد.

"سابیر ڕەشید" و "شێرزاد حەسەن"ی چیرۆکنووسیش لە چیرۆکە فەنتازیایەکانیان، شوێنی فەنتازییان بەکارهێناوە، کە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین دەستنیشانیان بکەین و لێیان بکۆڵینەوە.

**ب) شوێنی فەنتازی لە رووی پراکتیکەوە:-**

**١. شوێنی فەنتازی لە چیرۆکەکانی "سابیر ڕەشید"دا:**

لە چیرۆکەکانی "سابیر ڕەشید"دا، بە شێوەیەکی فەنتازیای کار لەسەر شوێن کراوە."سابیر ڕەشید" لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە ئەفسانەکان کۆمەڵێك شوێنی ئەفسانەی بەکارهێناوە، لە بەشێك لە چیرۆکەکان، وەك خۆی شوێنەکانی بەکار هێناوە و لە بەشێکی دیکە لێکدانەوەیەکی سەردەمیانەیان بۆ کردووە.

لە چیرۆکی (هەنگوینی گەڕانەوە)دا چیرۆکنووس باسی (پشت قوللەی قاف) دەکات، کە شوێنێکی ئەفسانەییە، هەروەك دەزانین قوللەی قاف لە ئەفسانەی کوردی و لەناو حیکایەتی سەرزاری و میللی کوردیدا زۆر باسکراوە و بە دواشوێنی دونیا یان بنی دونیا یان بە ئەو سەری دونیایان داناوە، **((ئەوێ ونگەیەکی ئەبەدی و بێ کۆتاییە، ئەفسانەکان بە ئەم دیو یان بنی دنیای دادەنێن))**[٥٠]، چیرۆکنووسیش بە هەمان واتا و مەبەستێك کە لە ئەفسانەکان هاتووە، پشت قوللەی قاف دەکاتە تەنیا شوێنێك، کە ماوە کارەکتەری سەرەکی بە دوای گوڵە ونبووەکەی بگەرێت و بە هاتنی ئەم تەیرە وادەزانێ گوڵە ونبووەکەی لەوێیە **((بێ شك دیارە لە مەملەکەتی ئەمانە دەنا بۆچی تا ئێستا چ تەیرێکی لەم شێوەیە ڕووی نەکردووەتە ئێرە))**[٥١].

یەکێکی دیکە لە شوێنە فەنتازیانە کە "سابیر ڕەشید" لە چیرۆکەکانی بەکاری هێناوە(ئەشکەوت)ە. لە ((ئەفسانەکان ئەشکەوتیان وەك (شوێن)بە زۆر شێوە وێناکردووە و لە خزمەتی مەبەستی سەرەکی چیرۆکە ئەفسانەییەکە بەکارییان هێناوە))[٥٢]. ڕاستە کە ئەشکەوت وەك بوون لە واقیعدا بوونی هەیە، بەڵام "سابیر ڕەشید" بە خستنەپاڵ چەند سیفەت و تایبەتمەندیەك، لە واقیع و تەنانەت لە خەیاڵی ئاسایش دووری کردووەتەوە، بەڕادەیەك کە خوێنەر ناتوانێت بڕوا بە بوونی ئەشکەوتێکی لەم شێوەیە بکات. بۆ نموونە لە چیرۆکی (پەپوولەی گوناه) کە، کارەکتەر مردووەیکە و لە دونیای دوای مردن،دەچێتە ناو ئەشکەوتێك تا خۆی لەو گوناهانەی، کە کردوویەتی پاك بکاتەوە. ئەم ئەشکەوتە **((کەوتبووە ناو قەد چیایەکی هەزار بە هەزار))**[٥٣]کە ئەشکەوتیکی لەم شێوەیە لە واقیعدا بوونی نییە ، نەك تەنیا لە واقیع بگرە لە دونیای دوای مردنیش نازانین شوینێکی وا بوونی هەیە یان نە؟ خاسیەتێکی دیکەی فەنتازیابوونی ئەم ئەشکەوتە لەوەدا بەدەردەکەوێت کە دوای ئەوەی کارەکتەر لەم ئەزموونەیش سەرکەوتوو نابێت، هەروەك خۆی دەڵێت: **((گوناهێکی تریش بە تەویڵی نێو چەوانمەوە نووسا)** (٥٤) هێزێکی توقێنەر فڕەی دەداتە دەرەوەی ئەشکەوتەکە **((تیشکێکی دەنگ تۆقێنەر لە ئەشکەوتەکە وەدەری نام، بەربوومەوە و خەرەندێك هەڵی لووشیم))**.دیارە بوونی ئەشکەوتێکی لەم شێوەیە لە واقیعدا بوونی نییە.چیرۆکنووس لە چیرۆکی (دیواری هەشتەم)دا دیسان ئەشکەوتێکی فەنتازیای کردووە، بە هەوێنی ڕووداوەکانی. لەم چیرۆکە، کە باسی ڕووخانی هەشت دیواری بەردینە لە ناو ئەشکەوتەکە بە مەبەستی گەیشتن بەو کانییەی، کە ئاوی حەیات بەخشیێ هەیە. لەبارەی مێژووی ئەم ئەشکەوتە، کارەکتەر دەڵێت: **((ئەم ئەشکەوتەی نیو سەدە بوو بارانی بەسەردا نەباریبوو، ئەو نەبارینەی ئاوی تاڤگەکەی ناو ئەشکەوتی زۆر کەمکردبووەوە کە سەرەو هەوراز هەڵدەکشا و لە کونێکی سەرەوەدا دەڕژایە دەرەوە. دەرەوەی ئەشکەوتەکە هیچ بوونەوەرێکی تێدا نەدەژیا))**[٥٥] ئامانجی سەرەکی کارەکتەر لەم چیرۆکە پەرینەوە بوو، لە دیواری هەشتەم و گەیشتن بە ئاوی حەیات کە سەرورەری دەبەخشێت.یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە فەنتازیایەکەی ئەم ئەشکەوتە بوونی **((ئەو هەموو دێو و درنج و ئەژدیها و گیانداره مەترسیدارە**

**خورافییانە{...} کە بە بێ ژمارە لە چین بە چینی دیوارەکان دەژین و هەر دیوارێك ببڕێت جۆرێکی بەهێزتر و مەترسیداری دیکەت دێتە پێش کە لەوانەی پێشتر سەرسوڕهێنەرتر و زەبەلاح و بەتین و مەترسیدارترن))**[٥٦]، کەواتە سەرەوهەوراز هەڵکشانی ئاوی کانی و ژیانبەخشینی ئاوی ئەشکەوتەکە و هەروەها بوونی گیانداری ئەفسانەیی و خورافی لە ناو دیوارەکانی ئەشکەوتەکە ...هتد بەڵگەی فەنتازیا بوونی ئەم ئەشکەوتەن، وەکو شوێن ئەوە دەسەلمێنێت، لە کۆمەڵە کورتیلە چیرۆکی (ئاوێنە)ی "سابیر ڕەشید" کە (١٠٠) کورتیلە چیرۆکی بە خۆی گرتووە، لە هەندێکیان شوێنی فەنتازی بەکارهاتووە، بۆنموونە لە کورتیلە چیرۆکی ئاوێنەی ژمارە (١٠)، زێرابێك دەبێتە شوێنێکی فەنتازی. بەم شێوەیە **((خۆم دانەواندەوە، ئاوێنەکەی ناو باخەڵم لێ کەوتە ناو زێرابەکەوە کە شۆڕ بوومەوە ناوی دەربێنم، سەیرم کرد جیهانێکیتر بوو. خەڵکی ئەوێ گۆشتی سەگیان دەخوارد... لەگەڵ خوشك و دایکی خۆیان جووت دەبوون.زەلامیان وەك چۆلەکە سەردەبڕی.دز و جەردەکانیان لەباتی گیران خەڵات دەکران. نەدارەکانیان لە دیار مێزی ڕازاوەی گەورەکان تێر دەبوون...باش بوو زۆر لەوێ نەمامەوە، کە ئاوێنەکەم دۆزییەوە بە هەڵەداوان هاتمە دەرەوە.. دەنا شتی سەیروسەمەرەتریشم بۆ دەگێڕانەوە))(٥٧)** ، لێرەدا چیرۆکنووس بە ڕێگایەکی فەنتازیای وێنەی شوێنێك و جیهانێك دەکێشێت، کە هەموو ماف و یاساکان تێدا پێشەلدەکرێت و سەرەو بن بووە و تەنانەت ڕێز و حورمەتی نێوان مرۆڤیش لە ناوچووە.

سەرەڕای ئەم شوێنانە و چەندین شوێنی فەنتازی دیکە، وەك (مەملەکەتی شای پەرییان، مەملەکەتی ئەژدیها برسییەکان، مەملەکەتی بەردین و...هتد)لە چیرۆکەکانی سابیر ڕەشید بەکارهاتوون.

**٢.شوێنی فەنتازی لە چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن" دا:**

"شێرزاد حەسەن" لە چیرۆکەکانی هەندێ شوێنی بەکارهێناوە، کە بەڕاستی جێگای سەرسوڕماننو هاوشێوەیان لە واقیعدا نییە و دەکرێت بە شوێنێکی فەنتازی دابنرێن. لە چیرۆکی (میم)دوای ئەوەی، کە (ئەمین)ی بێکەس دەمرێت و تەنانەت کەسێکیش نییە تەرمەکەی هەڵگرێت و بیباتە گۆڕستان، تەنانەت کەسیش ئامادە نییە گۆڕێکی بۆ هەڵکەنی، بۆیە بە ناچاری خۆی بە نینۆکەکانی هەر لەسەر گۆڕە کۆنەکەی پیرەدایکی گۆڕێك بۆ خۆی هەڵدەکەنێت. لە ناو گۆڕەکەی دایکی، ئەمیندەچێتە ناو منداڵدانی دایکی، دایکێك کە هەروەك خۆی دەڵێ **((ئێسك و پرۆسکی))**[٥٨]ماوە.فەنتازیابوونی ئەم شوێنە لەوەدا بەدیاردەکەوێت، کە ئەمین کە گێرەرەوەی چیرۆکەکەیە دەڵێت: کە **((کەوتمە نێو منداڵدانی ... تەڕ و گەرم... بۆنی خوێنێکی پیرۆزی لێدەهات... حەزم کرد بسرەوم و ئارام بنووم))**[٥٩] کە ئەمە پێچەوانەو و دوور لە واقیعە، کە مرۆڤێك کە تەنیا ئێسك و پرۆسکی مابێت، بەڵام منداڵدانی هێشتا تەڕ و گەرم بێت و تەنانەت خودی گەڕانەوە بۆ نێو منداڵدان دوور لە واقیعە، لە چیرۆکی (ماڵێك لە ئاو)، هەر لە ناونیشانی ئەم چیرۆکە بیرمان بۆ لای شوێنێکی فەنتازی، دەچێت ئەویش ماڵێکە کە لە ئاو دروستبووە.لەم چیرۆکەدا سەرۆك خێڵ وەك خاوەن دەسەلات دەبێتە هۆی جیابوونەوە و خنکانی دوو دڵدار لە دەریادا، بەڵام ئەو دوو دڵدارە لە ناو دەریا بەیەك دەگەن و بڕیار دەدەن کە هەر لە ژێر دەریا بژین و ماڵێك دروست بکەن **(( لەوێ... دوور لە چاوانی بەدبینی سەرۆك خێڵ و هەر هەموو خێڵ... لە ژێر دەریادا ماڵێکی خنجیلانەیان لە مرواری و مەرجان دروستکرد...دیوار ئاو و... سەربان ئاو و... شوورە ئاو و دەرگا ئاو و... پەنجەرەکانیش هەر لە ئاو... تا هەنووکە وا لەوێن... دووعاشقی ئاوی وا لەوێن...!))**[٦٠] بوونی ماڵێك لەم شێوەیە لە واقیعدا موومکن نییە، بەڵام لێرەدا چیرۆکنووس ئەم شوێنە و ژێر دەریا بە ئەمینترین و هۆگرترین شوێن دادەنێت، کە دووعاشیق دەتوانن تێدا بژین، هەروەها دەکرێت بڵێین لەوانەیە مەبەستی چیرۆکنووس لە بەکارهێنانی ئەم شوێنە، بە واتای ڕەتکردنەوەی شوێنی

واقیعی ژیانی مرۆڤ بێت، لێرەدا چیرۆکنووس بە ڕەتکردنەوەی ئەو داب و نەریت و هەروەها خێڵ و هۆزانەی کە یاسا بەدەست و بڕیاردەری ژیانی دوو عاشقن دەوەشێنێتەوە، هەروەکو ئەوەی چیرۆکنووس هۆشیارمان بکاتەوە، لە بوونی ئەم کێشانە و بەردەوامییان لە کۆمەڵگای کوردی، تاوەکو ئێستاش، دڵداران ناتوانن و نەیانتوانییە بە ئازادانە پرۆسەی خۆشەویستی بەرجەستە بکەن و ئازادانە بیری یەکتر خۆشویستنیان بە دەور وبەر و خێڵ و خێزانەکانیان ڕابگەینن."شێرزاد حەسەن" لە چیرۆك (کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان) ، پۆلێکی قوتابخانەیەك دەکاتە شوێنێکی سەیروسەمەرە و ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن. "شێرزاد حەسەن" زۆرجار چ لە چاوپێکەوتنەکانی و چ لە نووسینەکانی جەختەتی لەسەرئەوە کردووە، کە (( قوتابخانەکان جەهەنەمێکی گەورەن))[٦١] مەبەستی (شێرزاد حەسەن) لە ڕووی پەروەردەکردنی قوتابییە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکانمان کەسانێکی شەرمن و ترسنۆکیان لێ دەربچێت، بۆیە لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس شوێنێك کە حەز و ئارەزووی قوتابیانی کوڕ و کچ تێدا بەدیدێت بە شێوازێکی فەنتازییای بۆمان دەگێڕێتەوە و باسی کۆمەڵێك ڕووداوی سەیروسەمەر و سەرووی واقیع لە شوێنێکی فەنتازیایی دەکات. فەنتازیابوونی ئەم شوێنە هەر لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە مامۆستاکە، کە خۆی گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە لە دەڵێت: **((لە بەر دیدەی خەیاڵما کەڵە کێوییەکان یەکەیەکە لە تابلۆکە هاتنە دەرێ، بەخشکەیی بە نیو ڕاڕەوی نێو تەختەشەق و شڕەکانی پۆلەکەدا بلاو بوونەوە... هەر کە ئاسکەکان ئەمەیان بینی چاو بازانە نیگایان بڕییە کەڵە کێویەکان و ئەوانیش یەکەیەکە وازیان لە لەوەڕهانی و بەقاچ و قولی تەڕی نێو میرگی سەوزەوە داڕژانە نیو پۆلەکە))**[٦٢] کە دیارە بوونی شوێنێکی وا لە واقیعدا بوونی نییە.

## سێیەم: ڕووداوی فەنتازی

### أ) ڕووداوی فەنتازی لە ڕووی تیۆرییەوە:

ڕووداو وەك توخمێکی دیکەی چیرۆك و لەتەك توخمەکانی دیکە(کارەکتەر و شوێن و کات ) بەشدارە و ڕۆڵی هەیە لە بنیادنانەوەی چیرۆکی هونەری. هەر چیرۆکێك باسی ڕووداو یان چەند ڕووداوێك دەکات کە پێشتر ڕوویانداوە و یان هێشتا ڕوویاننەداوە و لەوانەیە لە داهاتوودا ڕووبدەن.

چیرۆکنووس لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ڕووداوەکاندا پەنا دەباتە بەر چەند سەرچاوەیەك وەك واقیع، خەیاڵ، مێژوو، کلتوور، ئەفسانە و...هتد و هەوڵدەدات لەم ڕێگایەوە مەبەست و ئامانجی خۆی بخاتەڕوو، چونکە هەروەك دکتۆر"پەرێز سابیر" ئاماژەی پێ دەکات، ((هەڵبژاردنی هەر ڕووداوێك لە لای چیرۆکنووس گەیاندنی مەبەستێکی دیاری کراوە))[٦٣].

واقیع یەکێك لە سەرەکیترین و گرنگترین سەرچاوەگەلێکە، کە چیرۆکنووس پەنای بۆ دەبات. ئەمەش بەو واتایەی کە چیرۆکنووس ئەو ڕووداوانەی کە لە واقیعدا ڕوودەدەن یان ڕوویانداوە، لە چیرۆکەکەی بەکاریان دەهێنێت، بەڵام ئایا وەرگرتنی ڕووداوەکان لە واقیع وەك خۆی چێژ و سوود بە خوێنەر دەگەینێت؟ بە دڵنیایەوە نەخێر، چونکە هەریەك لەو ڕووداوە واقیعیانە کە چیرۆکنووس دەیانخاتەڕوو لە ڕاستیدا هەمان ئەو ڕووداوانەن کە خوێنەر تێدا دەژێت و ڕۆژانە دەیانبینێ و مامەلەیان لەگەڵدا دەکات، واتە واقیعێکی دووبارەیە و هیچ چێژ و سوودێك بە خوێنەر ناگەینێت. بۆ ئەم مەبەستە چیرۆکنووس دەبێت سوود لە خەیاڵی خۆی وەربگرێت و لەم ڕێگایەوە(( چ بە کەمکردنەوە و فرێدان وە یان بە زیادکردن و خستنەسەری هەندێ شتی دیکە کە لە دروستکردنی بیر و ئەندێشەی چیرۆکنووسە، ئاوێتەی چیرۆکەکەی دەکات بە شێوەیەك سروشتێکی دی دەداتێ و بەرگێکی نوێی لەبەر دەکات))[٦٤].

بەم شێوەیە ڕووداوەکانی چیرۆك لە دونیای واقیعی ڕووت و سادە دوور دەکەونەوە و بە شێوەیەکی جوانتر و ئیستاتیکاتر دەردەکەون.

چیرۆکی هونەری کوردی، چونکە لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە سەر بە ڕێبازی ڕیالیزمی بووە و ((لە ئەنجامی بارۆدۆخێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلآیەتی دیاری کراوەوە سەری هەڵداوە))[٦٥]بۆیە ڕووداوەکانی چیرۆکی ئەم ماوەیەی کورد پیشاندانی واقیعی ژیانی تاك و کۆمەڵگای کوردی بووە. باسی چاوسانەوە و زوڵم و ستەم و ئەو ئێش و ئازارانە کراوە، کە بە هۆی ئاغا و بەگ و دوایش ڕژێمی بەعس بەسەر خەڵکەوە هاتووە، واتە ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە واقیع وەردەگیران و بەمەش بەرگێکی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەیان وەرگرتبوو.

لە چیرۆکی فەنتازیا ئامێزدا، چیرۆکنووس بۆ هەڵبژاردنی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی پەنا دەباتە بەر واقیع، بەڵام ((نایەت ڕاستەوخۆ کار لە نێو ڕووداوێکی واقیعی بکات، بەڵکو چەشنێك لە تاریکی و ڕۆشنایی پێ دەبەخشێ، بەو واتە سەراپای ڕووداوەکە لەگەڵ ڕایەلەکانی فەنتازیا موتوربە دەکا، ئا لەو کاتەشدا سەرجەم ڕایەڵی ڕووداوەکان چەشنی سێبەرێك ئاراستە و لەونییەتی خۆی دەگۆڕێت))[٦٦]بە شێوەیەکی دیکە چیرۆکنووس باسی ئەو ڕووداوانە، ناکات کە لە واقیعدا ڕوویانداوە یان لەوانەیە ڕووبدەن، بەڵکو باسی ئەو لایانە شاراوە ونابەرجەستە و فەرامۆشکراوی واقیع، ئەو لایانانەی کە دەکرێت بە هەر هۆکارێك وەك ئایینی، سیاسی، کۆمەلآیەتی و...هتد مرۆڤ نەتوانێت بە ڕاشکاوانە دەریببڕێ و تەنیا لە دەروون و ناخی خۆی هەڵیدەگرێت و بە بیرهێنانەوەی جۆرە ترس و شەرمێك دەیگرێت لەوەی نەك دەورووبەر پێ بزانن یان بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین فەنتازینووس ((باسیقووڵترین پێویستیەکان و تاریکترین ترسەکان و بەرزترین هیواکانمان دەکات[٦٧]، کەواتە ئەم ڕووداوانە لە واقیع و لەناو ناخی هەر کەسێکدا بوونی هەیە، بەڵام شاراوە و فەرامۆشکراون.

چیرۆکنووس لە چیرۆکە فەنتازیا ئامێزەکانیدا، ڕووداوگەلێك دەخاتەڕوو، کە ڕووداوی فەنتازین. مەبەستمان لە ڕووداوی فەنتازی ئەو ڕووداوانەن، کە ڕوودانیان لە دونیای واقیعدا مومکن نییە و مەحاڵە. ئەمە بەو واتایەی کە، ڕووداوگەلێك کە هەر مرۆڤێك حەز و ئارەزووی وایە کە لە واقیعدا ڕووبدەن، بەڵام ڕووناداەن و تەنیا خستنەڕوویانە لە سەر کاغەز و بونیادنانەوەی واقیعێکی دڵخوازە و بەدی هاتنی حەز و ئارەزووکانە لە دوتوی چیرۆکێکی فەنتازیا ئامێز.

لە چیرۆکی نوێی کوردیشدا، چیرۆکنووسان هەوڵیان داوە، ئەم فەزایە لە چیرۆکەکانیان دروستبکەن و لەم ڕێگایەوە، واقیعێکی دیکە یان ئەو دیوی واقیع(میتا واقیع)ی تاك و نەتەوەی کورد بخەنەڕوو. بۆنموونە (سەلاح عۆمەر) لە ڕۆمانی (میتامۆرفۆس)دا گیان لە نێو شتە بێگیانەکان دەروێنێت و بەرجەستە دەکات. یان (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) لە چیرۆکی (فڕینەکانی نازم ڕەشە قوماش) باس لە ڕووداوی فڕینی نازم دەکات. و چەندین چیرۆکی نوێی دیکە کە کۆمەڵێك ڕووداوی فەنتازیایی پێشکەش دەکەن.

**ب) ڕووداوی فەنتازی لە ڕووی پراکتیکەوە:**

**١) ڕووداوی فەنتازی لە چیرۆکەکانی "سابیر ڕەشید"دا**

"سابیر ڕەشید" بە مەبەستی دروستکردنی کەش و هەوایەکی فەنتازی هەوڵی بەفەنتازی کردنی ڕووداوەکانی داوە و کۆمەڵێك ڕووداوی فەنتازی چ بە سوود وەرگرتن لە ئەفسانەکان و چ بە سوود وەرگرتن لە تواناکانی خۆی بەکاریهێناوە. ڕووداوەگەلێك کە ڕوودانیان لە جیهانی واقیع مەحاڵە.

لە چیرۆکی (گیای سەروەری)دا کە هەروەك لە ناونیشانی چیرۆکەکەیش دیارە بابەتەکە بەدەستهێنانی گیاییەکە کە سەروەری و سەربەخۆیی دەبەخشێت. دیارە لە درێژای ئەو ڕووداوانە، کە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەم گیایە هاتووەتە ڕێی کارەکتەرەکان، ڕووداوی سەیروسەمەرە و نامەئلووفیش ڕوویانداوە، کە دەکرێت بچنە ناو قاڵبی ڕووداوی فەنتازی.

بۆ نموونە دوای ئەوەی کە دوو سوارچاك هێرشیان کردەسەر ئەو خەڵکە، کە گیای سەروەرییان بەدەست هێنا بوو و دەستیان بە کوشتار کرد، سوارچاکەکە و باوکی لە لایەن خیانەتکارێك لە پشتەوە لێیان درا ((**لە پشتەوە ڕمی خیانەتکاری بۆ خەڵکی مەملەکەتەکەیان کردنی بە دوو دڵۆپ خوێنی گەش و لە خاکدا چوونە خوارەوە**))(٦٨). ڕاستە لێرەدا مەبەستی چیرۆکنووس مردنی ئەوانە، بەڵام وێنەی ئەم ڕووداوەی بە شێوەیەکی فەنتازیای دەکێشێت، چونکە لە دوای ئەم ڕووداوە و بوونیان بە دوو دڵۆپ خوێن باسی ڕووداوێکی فەنتازیای دیکە دەکات، ئەویش ((**ئەوە چەندین سەدەیە ئەم دوو دڵۆپە خوێنە دوو گوڵی ئەفسانەییان دەرکردووە و سەریان پێکەوە ناوە و هەر گەشە دەکەن و وشك نابنەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جوانتر خۆ دەنوێنن وبووەتە مەزارگەی ئاشقان**))(٦٩). لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس مەبەستی، دەرخستنی ناوەرۆکێکی سیاسی و نەتەوەییە، کە بە شێوازێکی فەنتازیای و لە ڕێگای بە ئەفسانەکردن هەوڵی داوە وێنەیەکی دیکەی ئەو واقیعە بخاتەڕوو. باسی نەتەوەیەك دەکات، کە هەوڵی بەدەستهێنانی سەروەری و سەربەخۆی دەدات، بەڵام لە ناوخۆیان تووشی کێشە دەبن و چەند کەسێك خیانەت دەکەن و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم سەروەری و سەربەخۆییە بەدی نەیەت و نەتەوە لە ژێر دەسەڵاتی دوو لاوە بەرێ بچێت.

لە چیرۆکی (هەنگوێنی گەڕانەوە) کە ڕووداو و بابەتی سەرەکی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە کارەکتەری سەرەکی بە دوای کوڕە ونبووەکەی دەگەڕێت بۆ ئەم مەبەستە بە خەیاڵی خۆی سواری پشتی تەیرێکی ئەفسانەی دەبێت و بەرەو مەنزڵگەی ئەم تەیرە، کە پشت قوولەی قافە بەرێ دەکەوێت و بە دوای کوڕەکەی دەگەڕێت، دیارە فەنتازیاترین ڕووداوی ئەم چیرۆکە سەفەرکردن و گەڕانە لەسەر پشتی باڵندەیەکی ئەفسانەی و چوون بۆ پشتی قوولەی قاف. بێجگە ئەم ڕووداوە، کۆمەڵێك ڕووداوی فەنتازی دیکە، کە دوای گەیشتنی بە دونیای پشت قوولەی قاف ڕوودەدەن نموونەی ڕووداوی فەنتازین. بۆ نموونە تێپەڕبوون لە شاخێك کە لە هەنگوینە و دەڵێت: ((**دەبێ بەسەر ئەم شاخە ڕووتەنەشدا هەڵبگەڕێت کە کەس نەیتوانیوە بگاتە قۆپەنەی، کە تەماشای دەکەی دەبینیشیلەی هەنگوینێکی ساف و بێگەرد بە هەموو لایەکدا هەڵدەڕژێ و دیمەنی شاخەکە وەك بریسکانەوەی ئاوێنەیەك نیشان دەدات**))(٧٠) یان ڕووداوێك وەك هاتنی پەرییەکان و پێشوازی کردنیان ((**پەرییەکان بە کراسی سپی و فۆسفۆرییەوە لە دووڕا دەبریسکێنەوە و بە چەپکە گوڵ و سەبەتەی سێوەوە پێشوازی دەکەن**))(٧١)، ئەمانە و کۆمەڵێك ڕووداوی فەنتازی دیکە.دەشێ بڵێین ناوەرۆکی سەرەکی ئەم چیرۆکە خەون و خەیاڵی باوکێکی کوردە، کە منداڵەکەی بە هۆی شەڕ ئینجا چ مەبەستی نووسەر کارەساتی هەڵەبجە بێت یان چ ئەنفال، لێ بزر بووە. هەروەك چیرۆکنووس ئاماژە بە هۆکاری بزربوونی منداڵەکە دەکات و دەڵێ ((**ئەم جەنگە شوومانە وان، مرۆڤ ڕیشەکێش دەکەن، بۆیە ئەویش بوو بە نێچیری ئەم گوناهە کە یەکێك لە دۆڕاوەکانی ئەو بوو، ئێستاکەش نازانرێ داخۆ کەوتبێتە ناو چ بیرێکەوە، داخۆ هێشتا ڕووحەکەی ماوە یا لە چ مەملەکەتێکەوە دەبن گڵ نراوە**))(٧٢)، کە چیرۆکنووس بە شێوەیەکی فەنتازیای ئەو دونیایەی، کە هەر دایك و باوکێك کە منداڵی بزر بوو بێت، ئاواتە خوازیەتی تا بتوانێ بە سوار پشتی تەیرێکەوە منداڵە ونبووەکەی بیدۆزێتەوە و بهێنێتەوە.

مردوویەك لە چیرۆكی (پەپوولەی گوناه) دەبێتە كارەكتەر و بەسەرهاتی خۆی لە دوای مردنی دەگێڕێتەوە. چیرۆكنووس بۆ دروستكردنی فەزایەكی فەنتازیای، كۆمەڵێك ڕووداوی فەنتازی دەخاتەڕوو. مردووەكە، دوای ئەوەی كە پیاوێكی نوورانی وەسفی ئەشكەوتێكی بۆ دەكات، بە مەبەستی پاككردنەوەی خۆی لە گوناهەكانی دەچێتە ئەو ئەشكەوتە و كۆمەڵێك ڕووداوی سەرووی واقیع لەو شوێنە ڕوودەدات وەك ((**شەوێكیان لە كاتی بۆرژاندا ئافرەتێكیجوان لە كانییەكە هاتە دەرەوە. تیشكی چاوەكانی بێداریان كردمەوە، سەرسامی كردم**))(٧٣) ،یان ڕووداوێك وەك (( **تیشكێكی دەنگ تۆقێنەر لە ئەشكەوتەكە وەدەری نام، بەربوومەوە و خەرەندێك هەڵی لووشیم**))(٧٤) بەشێوەیەكی گشتی ناوەرۆكی ئەم چیرۆكە، حیكایەتی كەسێكی گوناهبارە و باسی پەشیمان بوونەوە و نەمانی هیچ ڕێگایەك بۆ خۆ پاككردنەوەی دەكات و چیرۆكنووس بە شێوەیەكی فەنتازی ژیانی واقیعی و دوای مردنی ئەو كەسانە دەخاتەڕوو كە لەم دونیایەدا نقوومی گوناه بوونە.

لە چیرۆكی (دیواری هەشتەم) كە یەكێكی دیكە لە چیرۆكە فەنتازیایەكانی "سابیر ڕەشید"ە باس لە پیاوێك دەكات، كە دوای لەناو چوون و خاپووربوونی شارەكەی و ڕاكردنی و دووركەوتن لەو شارە كۆمەڵێك ڕووداوی فەنتازیای بەسەردا دێت، یەكەمین ڕووداو كە بەسەریدا دێت و هەر لەوێشەوە خوێنەر بەرەو ناو دونیای فەنتازیائامێز پەلكێش دەبێت، ئەوەیە كە دەڵێ (( **میلی كاتژمێرە ژەنگاوییەكەی باخەڵم كەوتە سەر زەمەنێكی نادیار، گەردە لوولە نادیارەكەش تووڕی هەڵدامە ئەشكەوتێكەوە ئەم ئەشكەوتەی نیو سەدە بوو بارانی  بەسەردا نەباریبوو**))  كە كاتژمێر بكەوێتە سەر زەمەنێكی نادیار و گەردەلوولیش هەڵكات و كەسەكە فرە بداتەوەناو ئەشكەوت، ئەمانە هەمووی كۆمەڵێك ڕووداوی ناواقیعین. لە دوای ئەوەی كە، دەكەوێتە ناو ئەشكەوتەكە كە ئاوی حەیاتی تێدایە و تاكو ئێستا كەس دەستی پێ نەگەیشتووە، ئەو بڕیاردەدات كە نەگەڕێتەوە و هەوڵبدات ئەو ئاوە، كە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی سەروەری بۆ شارەكەی دابین بكات.

لە چیرۆكی (هەڵگەڕانەوەی ڕووبار)دا چیرۆكنووس ئەفسانەی ئیسۆ و عیسۆی تێهەڵكێش كردووە، بە مەبەستی دەرخستنی ناوەرۆكێكی سیاسی و نیشتمان پەروەری، بە شێوازێكی فەنتازیایی. هەروەك لە ناونیشانی ئەم چیرۆكە دیارە بابەتی سەرەكی هەڵگەڕانەوەی خەڵكی ڕەعیەت لەسەر پاشایەك كە بە ناحەق و بە كوشتنی برای خۆی دەسەڵاتی وڵاتی بە دەست هێنابوو، لە كۆتایی خەڵكی ڕەعیەت ڕزگاریان دەبێت و ئەنجامەكەی بریتی بوو، لە باركردنی شەڕ و شۆڕ و دیموكراسی بوو بە دەستووری باڵایان. یەكێك لە ڕووداوە فەنتازیایەكانی ئەم چیرۆكە ئەوەیە، كە دەڵێ ((**جوانمەردەكان دەستیان دایە چەك و یاخیبوون لە پاشای بەناهەق و شێرانە جەنگان. جەنگێك ڕووبارێكی خوێنی لێ دروستبوو و ڕژایە شاران**))(٧٥) كە دروستبوونی ڕووبارێك لە خوێن و ڕژانی بەناوشار ڕووداوێكی فەنتازیا ئامێزە.

لە كۆمەڵە كورتیلە چیرۆكی (ئاوێنە)دا، لە هەندێ لە كورتیلە چیرۆكەكاندا كارەكتەری فەنتازی لە هەندێ شوێنی فەنتازی و لە هەندێكدا تەنیا ڕووداوی فەنتازی بوونی هەیە.لە كورتیلە چیرۆكی (ئاوێنە١٥)دا چیرۆكنووس بەم شێوەیە ڕووداوە فەنتازیایەكەی دەخاتەڕوو كە (( **زۆرم نەمابوو بگەمە سەر ترۆپك. هێشتا بەردەكەم لەسەر پشت بوو... لە ناكاو بەرپێنەیەكم درایێ... كەوتمە ناو چاڵێكەوە، بەردەكە كەوتە سەر جەستەم ، بە خاكەوە نووسام{...} هەڵۆیەكی گەورە هات  بەردەكەی لەسەر لادام و وەك جاران خستییەوە سەر پشتم، لە چاڵەكە دەری هێنام و نان و ئاوی دامێ**))(٧٦)، لێرەدا فەنتازیابوونی ڕووداوی ئەم كورتیلە چیرۆكە لە هاتنی هەڵۆیەك و لادانی بەردەكە و نان و ئاودان كە كارێكی سەرووی واقیعە دەردەكەوێت.

لە کورتیلە چیرۆکی (شەمەندەفەر)کە بەم شێوەیە **((سواری شەمەندەفەرێك بوو... لەکاتی دابەزینیدا سەیری کرد کەللەسەری خۆی لە یەکەم وێستگەدا ون کردووە... ناچار بەهەمان ڕێگەدا گەڕایەوە شوێنی یەکەم جار تا کاسە سەری خۆی بدۆزێتەوە))**[77] کە ئەم ڕووداوەیش واتە بەجێمانی (کەللەی سەر)، ڕووداوێکی فەنتازییە و دوور لە واقیعە.

کورتیلە چیرۆکی (وێران) باس لە هەڵکردنی ڕەشەبایەك و هەڵتەکاندنی کارەکتەر دەکات، بەم شێوەیە کە **((ڕەشەبایەك هەڵی کرد و لەم مەملەکەتە هەڵی تەکاندم. خۆم لە وێرانەیەکدا دۆزییەوە))**[78] و لەم ڕووداوەیش سەیرتر، دوای نووستن و لە خەو هەستانەوەی کارەکتەر دەبینێت کە **((کوندەبەبۆ لە جێگەی کەڵەشێر بانگی دەدا و خەڵکەکە لە خەو ڕادەبوون...))** کە ئەمەش دیسان ڕووداوێکی فەنتازی ئامێزە دیسان و هەر لەبارەی هەڵکردنی ڕەشەبایەك و ڕووداوێکی سەیر و سەمەرە چیرۆکنووس لە کورتیلە چیرۆکی (پرسیار)دا دەڵێت: **(( ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵی کرد، خۆم لە هیچ شوێنێك پێ نەگیرایەوە، لە دەشتاییەکی کاکی بە کاکی چەقیم{...}سەیرم کرد دوو دەست لەملا و ئەولاکەی ترمەوە ڕایان دەکێشام.ئەوەندەیان ڕاکێشام هێنا و بردمیان و هەژاندمیان تا وردەوردە لە ناو خاکەکە چەقیم. تەنیا سەرکم بەدەرەوە مابوو))**(79) ، لەم نموونەیەدا لەلایەك هەڵکردنی ڕەشەبا و بردنی کارەکتەر و چەقینی لە ناو خاك و لە لایەکی دیکە، بوونی دوو دەست کە وەك هێزێکی دوژمن یان هێزێکی خراپە زیاتر کارەکتەریان بەرەو ناو خاك دەچەقێنێت.دەتوانین لەئەنجامی ئەم ڕووداوە فەنتازییانە بەوە بگەین کە چیرۆکنووس هەوڵیداوە لە ڕێگای ئەم هونەرەوە باس لەو نەهامەتی و ناخۆشیانە بکات، کەوا بەسەر میللەتی کورد هاتوون، وەکو ڕاگواستنی کوردەکان بۆ ناوچە بیابانییەکان و ڕووخاندنی گوندەکان وبردنی کوردەکان بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێەکانی سەر بە ڕژێمی بەعسی سەدام. چیرۆکنووس بە سوود وەرگرتن لەم ڕووداوە واقیعییە و موتوربەکردنی لە چیرۆکەکەی توانیویەتی ڕووداوی فەنتازی و کەش و هەوایەکی فەنتازیائامێز بخولقێنێت.

**٢) ڕووداوی فەنتازی لە چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن"دا:**

"شێرزاد حەسەن"یش لە چیرۆکەکانیدا بە مەبەستی دەرخستنی مەبەست و ئامانجی چەندین ڕووداوی فەنتازی لە چیرۆکەکانیدا خستووەتەڕوو، کە ئێمە لە خوارەوە هەوڵدەدەین یەك بە یەکیان شیبکەینەوە.

چیرۆکی (میم) کە بە شێوەیەکی زۆر جوان شۆڕبووەتەوە ناو ناخ و دەروونی مرۆڤێکی تەنیا و پەراوێز خراو. چیرۆکنووس بۆ پیشاندان و قووڵبوونەوە بۆ ناو ناخی (ئەمین) هەوڵی داوە، ئەو دونیایەی کە (ئەمین) تێیدا دەژێت بە کۆمەڵێك ڕووداوی سەیروسەمەرە، بخاتەڕوو و دەروونی و تێڕوانینی ئەمین لە بەرامبەر دونیای دەوروبەری، وەك وێنەیەکی سینەمایی بخاتەبەر دیدی خوێنەر. یەکێك لە ڕووداوە فەنتازی و دوور لە واقیعەکانی ئەم چیرۆکە، ئەوەیە کە حیکایەتخوان، کە لێرەدا ئەمین خۆیەتی دەڵێ **((چیرۆك و ڕۆمان ببوونە دوو باڵی ئەو سیمرخەی سواری پشتی دەبووم و دەیبردمە حەوت تەبەقەی ئاسمان، لە تاو تەنیایی خۆم قسەم لەگەڵ نووسەرەکان دەکرد...ئەوانەی سەدەها ساڵە مردوون{...}دۆستۆیڤسکی ـ م زۆر دەدواند... کەس وەك ئەو چیرۆکی داڕووخان و نەهامەتی مرۆڤ ناگێڕێتەوە{...}هەفتەی وا هەبوو دەجار لەگەڵ ڕاسکۆلینکۆف و برایانی کارامازۆف بەشەڕ دەهاتم... بەشەڕدەهاتین و ئاشت دەبووینەوە))**[80] کە لەم ڕووداوەدا ئەوپەری تەنیای (ئەمین)دەخاتەڕوو، کە بووەتە هۆی ئەوەی پەنا بەرێتە بەر نووسەرە مردووەکان و لەگەڵ ئەوان بکەوێتە قسەکردن و تەنانەت ئەوانیش ڕێنوی دەکەن و ڕێگای پێ پیشاندەدەن.هەروەك دەڵێت:

**((ڕۆژێکیان پێیان وتم: ئەمین... تۆ کە کەوتووی بۆ ڕۆمانێك لەسەر خۆت نانووسیت... لەو باوەڕەداین شاکارێکی جوانی لێدەردەچێ. وتم: بە گوێتان دەکەم.))**(٨١)

یەکێکی دیکە لە پەیامە گرنگەکانی ئەم چیرۆکە، لە تەك پەیامەکانی نەبوونی بەهای ڕۆحی لە پەیوەندی خۆشەویستی و لەناوچوونی پەیوەندی دۆستایەتی و خۆشەویستی، پەیامی جیاوازی چینایەتیش بە خۆیەوە دەگرێت، بە هۆی ئەوەی ئەمین لە کاتی مردنی لە ماڵی براکەی دەبێت، کە لە گەڕەکی دەوڵەمەندەکانە،بۆیە بە هۆی بێدەنگی و کپی ئەم گەڕەکەو لەکاتی مردنی ئەمین کەس بەهانایەوە نەهات و لە ئەنجامدا ئەمین کە مردووە، خۆی تەرمی خۆی هەڵبگرێت **((خۆم تەرمی خۆمم خستە سەر شان و ڕووە و دەرگای دەرەوە ملم نا، تەرمەکەم گەیشتە نێو کۆڵان و کەس نەیدی، من کە زیندوو بووم کەس سەیری نەدەکردم، کەس نەیدەبینیم... ئێستا کە مردووم کێ دەمبینێ))**(٨٢) کە ئەمە ڕووداوێکی فەنتازییە و قەد نەبووە، مردوویەك خۆی تەرمی خۆی هەڵبگرێت یان تەنانەت قسەیش بکات.

دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە خەون و ئەو دونیایە و ڕووداوانەی، کە لە خەون دەیبینین دونیایەکی سەیروسەمەرە و دوور لە واقیعە. مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر خەونەکانیەوە نییە، هەروەها خەون هیچ سانسۆرێکی لەسەردا نییە و وەك خۆی دێتە دیتن، هەر لەبەر ئەم تایبەتمەندییەی خەونە کە مرۆڤەکان بە هۆی بینینی خەونەکانیانەوە یەکتر لۆمە ناکەن، هەروەها زۆرجار خەونبینەکە بە هۆی بینینی چەند شت و ڕووداوێك لە خەونەکەیدا، کە لە واقیع بە عەیبە دادەنرێت، خەونەکەی لەلای کەس ناگێڕێتەوە.لە چیرۆکی (کەڵەکوڕان و ئاسکە کچان)، "شێرزاد حەسەن" یەکێك لەم جۆرە خەونانەمان بۆ دەگێڕێتە، خەونی سەیروسەمەر و دوور لە داب ونەریت و کلتووری دونیای دەرەوە، ئەویش خەونی مامۆستایەکی قوتابخانەیە. یەکەم ڕووداوی فەنتازی لە خەونیمامۆستاکەوە دەست پێدەکات **((کەڵە کێوییەکان یەکەیەکە لە تابلۆکە هاتنە دەرێ، بەخشکەیی بە نێو ڕاڕەوی نێو تەختە شەق و شڕەکانی پۆلەکەدا بڵاو بوونەوە... هەر کە ئاسکەکان ئەمەیان بینی{...}ئەوانیش یەکەیەکە وازیان لە لەوەڕ هانی و بە قاچ و قولی تەڕی نێو میرگی سەوزەوە داڕژانە نێو پۆلەکە))**(٨٣) ، لێرەدا دەرچوون و زیندووبوونی کەڵە کیویەکان و ئاسکەکان لەناو تابلۆی سەر دیوارەکان و هاتنیان بۆ نێو پۆلەکە ڕووداوێکی فەنتازیاییە.

لە ڕووداوێکی فەنتازیای دیکەی ئەم چیرۆکەدا دەتوانین ئاماژە بەم ڕووداوە بکەین، کە حیکایەتخوان، کە لێرەدا مامۆستاکە خۆیەتی دەڵێ **((سەیری سەعاتەکەم کرد...سەیرم لێهات کە وەستاوە... هەر دوانزە ژمارەکەشی کاڵ ببوونەوە، ویستم بزانم میلەکەی لەسەر چ ژمارەیەك وەستاوە... مەحاڵ بوو... لە چوار گۆشەی مانگ ژمێرەکە وردبوومەوە... سەیرە... من دڵنیام دوێ شەو خستمەوە سەر بەرواری چواردەی (گوڵان) کەچی هەنووکە لەسەر جۆزەردانە))**(٨٤). لەم چیرۆکەدا و لەم خەونەی مامۆستادا، چیرۆکنووس دەیەوێ پەردە لەسەر ئەو شەرمەی کە لە نێوان کوڕان و کچانی ئەو پۆلەدا هەیە، کە نموونەی هەموو کچ و کوڕێکی کوردن لابدات و کۆمەڵێك حەز و ئارەزوو، کە هەر ڕەگەزێك بەرامبەر بە ڕەگەزی بەرامبەریدا هەیە، بە پێچەوانەی هەموو کۆت و بەندێکی کلتووری، کە بە هۆیانەوە ناتوانرێت لە واقیعی کۆمەڵایەتی بگوترێت و باسبکرێت، دەخاتەڕوو.

چیرۆکی(لۆزان) گفتوگۆی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، گفتوگۆی نێوان کورد و ئەوروپایە، هەر بۆ ئەم مەبەستە و دەرخستنی هەموو نەتەوەی کورد لە لای کەسێك وەك کاوە، واتە بۆ پیشاندانی مێژووی کورد (شێرزاد حەسەن) هەوڵی داوە لە ڕێگایەکی فەنتازیا ئامێز و بەهێنانی ڕووداوی فەنتازی زیاتر مەبەستی ئەمچیرۆکە بخاتەڕوو. یەکێك لە

ڕووداوە فەنتازیایەکانی ئەم چیرۆکە پارچەپارچە بوونی(کاوە)یە وەك پارچەپارچە بوونی کوردستان.((**سەیرێکی خۆی کرد عاجباتی لێ هات... هەردوو دەست و هەردوو قاچی هەڵوەرین و کەوتنە ژێر مێزەکە و بڕبڕەی پشتی ئارەقەی دەردا.**))[٨٥] و لەوەش سەیرتر ئەو خوێنەیە کە لە کاوە دەرژێت ((**وەی لە عاجباتی... کاوە غەرقی گۆمی خوێن بووە هەر چوار پایە کورتەکانی قەرەوێڵەکەش لەو خوێناوە نوقم بوون، خوێنێکی وا زۆر کە قەت لەوە ناچێ لە تەنیا زەلامێك بڕژێ**))[٨٦] کە دەکرێت بڵێین ئەم خوێنە وەك ڕەمزێك بەکارهاتووە و مەبەستی چیرۆکنووس خوێنی هەموو کوردە. ڕووداوەکە، ڕووداوێکی مێژووییە و باس لە پەیمان نامەی لۆزان دەکات، کە تێدا کوردستان بەسەر چوار پارچە دابەش کرا.

لە چیرۆکی (کەوتنی ژمارەکان) کە بە ڕێگایەکی فەنتازیا ئامێز باسی کاڵبوون و نەمانی خۆشەویستی نێوان برادەران و خزمان دەکات. لەم چیرۆکەدا وا لە کارەکتەری ئەم چیرۆکە دەکرێت، کە بە هۆی نەمانی خۆشەویستی نێوان برادەران پەنا بەرێتە بەر هاوڕییە مردووەکان بەڵکو لەلای ئەوان هێشتا خۆشەویستی مابێت! بۆیە دەکەوێتە پەیوەندی کردن لەگەڵ برادەرێکی مردووی بە ناوی (مچە) ((**مچە...هەلاو...مچە...لە ژێر ئاوەوەیت...پێم بڵێ تۆ ماسی دەخۆیت یان ماسی یەکان تۆ دەخۆن ...؟ مچە من بۆیە تەلەفۆنم بۆ کردیت چونکێ لەم شارە... نابگرە لەسەر ئەرز کەسم نەماوە...چار نییە و دەبێ تەلەفون بۆ هاوڕێ خنکاوەکانم... بۆ دۆستە مردووەکانم بکەم...**))[٨٧]
و چیرۆکنووس بەم روداوە دوور لە واقیعە ، جیهانیکیترو واقعیکی دیکەمان بۆ دەخولقیتێ ، چیرۆکی ( پیرە پەپولەکانی ئێواران ) کە چیرۆکێکی دیکەی شێرزاد حەسەنە ، ئەم چیرۆکە باسی بەسەرهاتی کوڕێکە ، پیشەی زبلرێژی لە باپیریەوە بۆ ماوەتەوە ، بەلام لێرە کۆکردنەوەی زبل و خاوێنکردنی سەرشۆستە و شەقام و کۆلانەکان جیاوازترو نامەئلوفترە ، هەر ئەمەش بەرەو چەند روداوێکی فەنتازی دەمانبات ، وەك ئەو خاوێنکردنەوەیەی سەرشەقام هاتوە (( **شووشەکانی بەرباخەلم دەردێنم و پری دەکەم لە فرمێسکی پەنهان ، لە رۆندکی رەشی رژاوی چاورەشەکان ، شوشەیەك بۆ ئەسرینی کچە پاکیزو شەرمنەکان ، دوو شووشە بۆ ئەشکی بێهودە تکاوی قەیلرە کچەکان** )) (٨٨) ، لە روداوێکی دیکەی فەنتازیداهاتووە ((**گیرفانەکەم پر دەکەم لە ئاخی گەرم و هەناسەی ساردی کورەکان** )) (٨٩) ، هەر یەك لەم روداوانە دوور لە واقیعن و دەچنە نێو چوارچێوەی روداوی فەنتازی .چیرۆکی (مارلین ) کە چیرۆکێکی سەرتاپا فەنتازیە و باسی گیروگرفتی ئافرەتی کورد دەکات و چیرۆکنوس بە مەبەست ئافرەتێکی مەسیحی دەمرێنێ و بەرەو قەبرستانی موسڵمانەکانی دەبات، تا گۆی لە خەم و خەفەت و ئەو حەز و ئاواتانەی کە ئافرەتی کورد بە گشتی هەیتی بگرێت و دڵنەواییان بدات و خەم ڕەوێنیان بێت. هەڵبژاردنی ئافرەتێکیش بۆ ئەم ڕۆڵە لە لای چیرۆکنووس بە بێ هۆکار و مەبەست نەبووە، بەڵکو ئەو ویستوویەتی لەم ڕێگایەوە، ئەوە بخاتەڕوو کە ئافرەت بەباشی لە ئافرەت دەگات و دەتوانن بە باشی یارمەتی یەکتر بدەن.

ڕووداوی فەنتازیای ئەم چیرۆکە لە دوای مردن و ناشتی (مارلین)دەستپێدەکات، کاتێك لەسەر قەبران هەڵدەستێت و دەست دەکات بە گفتوگۆکردن لەگەڵ ژنانی مردووی قەبرستانەکە، ((**کە تاریك داهات ژنانی گۆڕستان بەپەلە و بەهەڵەداوان، یەکەیەکە هاتنە کن (مارلین)ی تازە میوان و خێر هاتنیان کرد، ئەویش چ بەزەحمەتەوە خۆی کێل کردەوە و تکای لێکردن کە هەرچی زووە هەموو گرێیەندەکانی کفنەکەی بۆ بکەنەوە دەنا دەخنکێ...**))(٩٠) و لەم ڕێگایەوە چیرۆکنووس دونیایەکی دیکە دروستدەکات و دەمانخاتە تێرامان لە یەکەیەکەی ڕووداو و بەسەر هات و ژیانی ڕابردوو و نەهامەتی هەر یەك لە ئافرەتە مردووەکان.

## ئەنجام

لە نوسینی ئەم باسەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١- فەنتازیا هونەری نوسینەو ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی گێرانەوە لە چیرۆکدا ، لەو ڕێگەیەوە نوسەر مەبەستەکانی لە شێوەیەکی شاراوەدا دەخاتەروو .

٢- هەردوو چەمکی فەنتازیاو خەیال دوو چەمکی جیاوازن ، خەیال چەمکێکی گشتگیری هەیە بەبەراورد لەگەل فەنتازیا ، فەنتازیا خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی جیایە لە خەیالی ئاسایی

٣- فەنتازیا لە چیرۆکی نوێی کوردیدا بە دوو قۆناغ تێپەریوە ، قۆناغی یەکەم لە سەرەتای نوێکردنەوەی چیرۆکی کوردی تا سالانی ١٩٩١ ، قۆناغی دوەمیش لە سالانی ١٩٩١ ەوە تاوەکو ئیستا .

٤- هەردوو نوسەر (شێرزاد حەسەن و سابیر رەشید) سودی زۆریان لە ئەفسانەو حیکایەت و چیرۆکە سەرزارەکیەکان وەرگرتوە بۆ وینەی فەنتازی لە بەرهەمەکانیاندا .

٥- فەنتازیا هونەرێکی وینەداری تایبەتە بە چەند نوسەرێك بۆ خستنە روی واقعیك لە بەرگێکیتردا .

## سەرچاوەکان بەکوردی


١- ئیبراهیم قادر ، لێکۆلینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی ، (١٩٧٠-١٩٨٠) ، هەولێر ، ٢٠٠٦

٢- پەرێز سابیر ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی ، چ ١ ،دەزگای سەردەم ، سلێمانی، ٢٠٠١

٣- حەمە مەنتك ، تەکنیکی فرە دەنگیلە رۆمانی کوردیدا (٢٠٠٠-٢٠١٠) چاپخانەی لەریا ، سلێمانی ، ٢٠١٣

٤- تانیا ئەسعەد ، بینای شوێن لە دوو نمونەی رۆمانی کوردیدا ، هەولێر ، ٢٠٠٦

٥- هەلمەت باییز رەسول ، رەهەندی دەرونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن ، چ ١ ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر ، ٢٠١٢

٦- موحسین ئەحمەد عومەر ، فەرهەنگی ئەدەبی

٧- مەولود ئیبراهیم حەسەن ، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی ، چ١ ، چاپخانەی رەنج ،سلێمانی ، ٢٠٠٧

٨- نەجم خالید ئەلوەنی ، کارەکتەر لە رۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی ، چ ١، چاپخانەی موکریان ، هەولێر ، ٢٠٠٩

٩- سابیر رەشید ، چیرۆکی کوردی رەخنەو لێکۆلینەوە ، چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێر ، ٢٠٠٥

١٠-سابیر رەشید ، پەیژەکانی تاریکی، چ ١ ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٨

١١-سەنگەر قادر شێخ محەمەد، بینای گێرانەوە لە داستانی ( مەم و زین) ی ئەحمەدی خانی ، چ ١، چاپخانەی خانی ، دهۆك، ٢٠٠٩

١٢-ستاری پیرداود ، خوێندنەوەی میتافۆر ، چ ٢، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠١٠

١٣- شێرزاد حەسەن ، سەرجەم چیرۆکەکانی ، چ٢، چاپخانەی رەنج ، سلێمانی ، ٢٠١٢

١٤- عەبدوللا سەراج ، بەرەو ئاستانەی رۆمان و گۆشە نیگا کان ، چ١ ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧

١٥- عەبدوللا خدر مەولود ، هێما ئەفسانەییەکان ، گۆڤاری ئەکادیمی ، ژ ١٨ ، هەولێر ، ٢٠١١

سەرچاوە عەرەبی و فارسیەکان

١- شعيب حليفى ، شعرية الرواية الفنتاستيكية ، الطبعة الاولى ، مطابع دار العلوم ، بيروت ، ٢٠٠٩

٢- محمد محمدى ، فانتزى در ادبيات كودكان ، ضاث اول ، ضاثخانةى دانشطاة الزهرا ، تهران ، ١٣٧٨

## پەراوێز:

(١) نەجم خالید ئەلوەنی ،کارەکتەرسازی لە رۆمانی ئێوارەی پەروانە ،ل ٢٢

(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٩

(٣) سابیر رەشبد ، چیرۆکی کوردی رەخنەو لێکۆلینەوە،ل٧١

(٤) شعيب حليفى ، شعريه الروايه الفنتاستيكيه ،ص٢٠١

(٥) موخسین ئەحمەد عومەر ،فەرهەنگی ئەدەبی ، ل ١٩٧

(٦) شعيب حليفى ، شعريه الروايه الفنتاستيكيه ، ص٢١٠

(٧) سابیر رەشید ، چیرۆکی کوردی ،رەخنەو لێکۆلینەوە ،ل٧٢

(٨) محمد محمدى ، فانتزى در ادبيات كودكان ، ص ٢٨٥

(٩) چاوپێکەوتن لەگەل نوسەر سابیر رەشید

(١٠) سەرچاوەی پێشوو

(١١) سابیر رەشید ، پەیژەکانی تاریکی چ ١ ،ل ١١٠

(١٢)سابیر رەشید ، پەیژەکانی تاریکی ، ١٣٧

(١٣) هەمان سەرچاوە ،ل ١٣٨

(١٤) مەولود ئیبراهیم ، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی ، ل ١٩٧

(١٥) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٥

(١٦) عەبدوللا خدر مەولود ، مەولود ئیبراهیم ، هێما ئەفسانەییەکان ، نالی و سالم و کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمی ، ژ ١٨ ل ١٩١

(١٧) سابیر رەشید ، پەیژەکانی تاریکی ، ل١١٦

(١٨) هەمان سەرچاوە ،ل ١١٠

(١٩) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٠

(٢٠) هەمان سەرچاوە ، ١١٥

(٢١)سابیر رەشید پەیژەکانی تاریکی ، ل١٠٩

(٢٢) هەمان سەرچاوە ، ل١٠٩

(٢٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٢

(٢٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٢٢

(٢٥) هەمان سەرچاوە ، ل١٢٤

(٢٦) هەمان سەرچاوە ، ل ١٦٧

(٢٦) هەلمەت باییز رەسول ، رەهەندی دەرونی لە چیرۆکەکانی شیرزاد حەسەن ، چ ١ لا، ل ١٢٦

(٢٧) چاوپێکەوتن لەگەل شێرزاد حەسەن

(٢٨) هەلمەت باییز رەسول ،رەهەندی دەرونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن ، ل ١٢٦

(٢٩) شێرزاد حەسەن ، سەرجەم کۆمەلە چیرۆکەکانی ، چ ٢ ، ل ١٩٣

(٣٠) هەمان سەرچاوە ، ل ١٩٤

(٣١) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٣٣

(٣٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٣٨
(٣٣) شێرزاد حەسەن ، سەرجەم كۆمەلە چیرۆكەكانی ، ل ٣٣٠
(٣٤) هەمان سەرچاوە، ٢٣٧
(٣٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٨٦
(٣٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٥٤
(٣٧) شێرزاد حەسەن ، سەرجەم كۆمەلە چیرۆكەكانی ، ل ٣٥٦
(٣٨) هەمان سەرچاوە ،ل ٣٦٥
(٣٩) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٢٨
(٤٠) ئیبراهیم قادر محەمەد ، لیكۆلینەوەی كورتە چیرۆكی كوردی، نامەی دكتۆرا، ل٩١
(٤١) حەمە مەنتك ، تەكنیكی فرەدەنگی لە رۆمانی كوردیدا، ل ١٥٢
(٤٢) تانیا ئەسعەد محەمەد ، بینای شوین لە دوو نمونەی رۆمانی كوردیدا، ل ٣١
(٤٤) سەنگەر قادر شیخ محەمەد ، بنیاتی گێرانەوە لە داستانی مەم وزین، ل ١٣٨
(٤٥) سابیر رەشید، رەخنەو لێكۆلینەوە، ٢٥
(٤٦)هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢
(٤٧) تانیا ئەسعەد ، بینای شوێن لە دوو نمونەی رۆمانی كوردیدا، ل ٨٠
(٤٩) هەمان سەرچاوە ، ل٨٠
(٥٠) سابیر رەشید ، پەیژەكانی تاریكی، ل ١٢٤
(٥١) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٥
(٥٢) مەولود ئیبراهیم، پیكهاتەی ئەفسانەی كوردی ، ل ١٢٨
(٥٣) سابیر رەشید ،پەیژەكانی تاریكی ، ١٢٤
(٥٤) سابیر رەشید پەیژەكانی تاریكی ، ل١٢٥
(٥٥) هەمان سەرچاوە ، ١٣٦
(٥٦) هەمان سەرچاوە ، ل ١٣٦
(٥٧) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧٠
(٥٨) شێرزاد حەسەن ، سەرجەم كۆمەلە چیرۆكەكانی ،٢٣٢
(٥٩) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٣٣
(٦٠) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٢٦
(٦١) چاوپێكەوتن لە گەل نوسەر ، ١/٣٠ ،
(٦٢) شیرزاد حەسەن ، سەرجەم كۆمەلە چیرۆكەكانی ، ل ٢٨١
(٦٣) پەریز سابیر ، بینای هونەری كورتە چیرۆكی كوردی ، ل٨٩
(٦٤) پەریز سابیر ، بینای هونەری كورتە چیرۆك، ل ٨٦
(٦٥) هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٠
( ٦٦) ستاری پیرداود ، خویندنەوەی میتافۆر ، ل ١٥٢
(٦٧) محمد محمدی ، فانتزی در ادبیات كودكان ، ص١٣٥
(٦٨) سابیر رەشید پەیژەكانی تاریكی ، ل ١١١
(٦٩) هەمان سەرچاوە ، ل١١٢
(٧٠) سابیر رەشید ، پەیژەكانی تاریكی ، ل ١١٥ –١١٦
(٧١) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٦

(٧٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٥

(٧٣) هەمان سەرچاوە ، ل١٢٤

(٧٤) هەمان سەرچاوە ،ل ١٢٥

(٧٥) سابیر رەشید ، پەیژەکانی تاریکی ، ١٤٤

(٧٦) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧١

(٧٧) هەمان سەرچاوە ، ل ١٧٣

(٧٨) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٩

(٧٩) سابیر رەشید ، پەیژەکانی تاریکی ، ل ١٩٦

(٨٠) شیرزاد حەسەن ، سەرجەم کۆمەلە چیرۆکەکانی ، ل ١٩٣

(٨١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٩٤

(٨٢) شیرزاد حەسەن سەرجەم کۆمەلە چیرۆکەکانی ، ل ٢٣١

(٨٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٨١

(٨٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٨٥

(٨٥) شێرزاد حەسەن ، سەرجەم کۆمەلە چیرۆکەکان ، ل ٣٣٧

(٨٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٣٨

(٨٧) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٤٤

(٨٨) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٩٨

(٨٩) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٩٨

(٩٠) شێرزاد حەسەن سەرجەم کۆمەلە چیرۆکەکان ، ل ٤٢٨

## خلاصة البحث بالعربية

**هذا البحث بعنوان ( دور الفنتازيا فى بناء القصة الكردية الحديثة ) كنموذج فى قصص الكاتبين الكرديين شيرزاد حسن و القاص صابر رشيد ، بما ان الفنتازيا فن حديث فى كتابة القصة القصيرة فى سرد وعرض زوايا القصة القصيرة من حيث مكوناتها ( الحدث ، البطل ، الزمان والمكان ) ، تم تطعيم هذا الفن من قبل الكاتبين كاسلوبهما الخاص لكتابتهما القصص الحديثة ، والهدف من التوجه الى هذا الفن هو ان الكاتب لا يقصد اظهار او عرض افكاره مجردا او عرضيا للقراء بل ينوى تغطيته تحت ستار هذا الفن هدفه سواء كان نقدا او وصفا خياليا للاحداث الواقعية ، يخلق الكاتب بهذه الطريقة واقعا مغايرا للواقع الحقيقى الموجود فى ثوب فنتازى ، لذا نرى من اسلوب الكاتبين المذكورين بان قصصهم تبدو بعض الاحيان خيالية بفكرة بعيدة عن الواقعية ، ولكن فى الحقيقة تدخل الى فكرة اعمق من هذا ، واستطاعوا باسلوبهم عرض كثير من الشوائب الاجتماعية الموروثة وغير مرغوبة لدى مجتمع العصر سواء كان مثقفين او عامة ، فالقصص المكتوبة بهذا الاسلوب الفنتازى يتضمن الكثير من افكار وتوجهات الكاتب و ارائه الخفية .**